# کۆمەڵگە
# و
# ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی

# کۆمەڵگە
# و
# ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی

## قەرەنی قادری




**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **کۆمەڵگا و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی**
- **نووسینی:** قەرەنی قادری
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ: ئاسۆ مامزادە**
- **چاپ: یەکەم** ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٩٣٦
- **نرخ:** ١٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٩٨)**


**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**


ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

پێشەكیی نووسەر ........................................ ٧
دەوڵەتی ئاوەز ........................................ ٩
چەند دەنگیی سیاسی و پێكەوەهەڵكردن ............................ ١٣
دەسەڵاتی یاسا" جیاكردنەوەی حزب لە دەوڵەت ........................ ١٧
دەنگدان" ماف و ئەرك ........................................ ٢٠
هەڵبژاردن و ئامرازی راگەیاندنی گشتی ............................ ٢٣
دەسەڵاتی چوارم" ماف، ئەرك و پێكهاتەكانی ........................ ٢٩
دەسەڵاتی چوارەم" رۆڵی لە گەشەسەندنی دیموكراسیدا .................... ٣٨
دەسەڵاتی چوارەم" رەخنە، پروپاگەندە و زانیاری گەیاندن ................ ٤٠
سانسۆر" ململانێ لە نێوان رادەربڕین و كپكردندا ...................... ٤٤
متمانە، بەرپرسیاریەتی و ئەخلاق لە كاری رۆژنامەوانیدا .................. ٤٧
ئەنتەرنێت" دەسەڵاتی پێنجەم ........................................ ٥٠
چۆنیەتی دەركەوتن لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا ...................... ٥٥
سەرچاوەكان ........................................ ٦٠

# پێشەکی

ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و نەریتی هاوبەش لە نێوان مرۆڤەکاندا، کە بەهۆی کۆمەڵە ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لێك گرێ دەدرێن، یەکەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێك دێنن، کە لە کۆمەڵناسیدا بە کۆمەڵگە ناوی دەرکردووە. دەسەڵاتی سیاسی، دامەزراوەی سیاسی، مەدەنی، حزبی، ئایینی و .... لە کۆمەڵگەدا پێویستیان بە ئاڵوگۆڕ، جێگۆڕکێ، ڕێفۆرم و دانوستان هەیە، تا زیندوویی لە کۆمەڵدا بەردەوام بێت. بوونی گرووپی نەتەوەیی، ئایینی، چین و توێژ جیا جیا لە کۆمەڵگە، دەربڕی بەرژەوەندیی جۆراوجۆرن کە تەنیا دەوڵەتێکی ئەقڵانی دەتوانێت وەکو سەیوانەیەك لە دەوری خۆیدا کۆیان کاتەوە و کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن ڕێنوێنی بکات.

سەرەڕای ئەم پۆلێنە کۆمەڵایەتییە، بوونی میکانیزم و کەرەسەیەکی هاوبەشیش پێویستە، کە بتوانێت سەرخانی کۆمەڵگە ببزوێنێت، تا ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیان بەردەوام گەشە بستێنێت. هەر لێرەدایە کە دابینکردنی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکن، کە وەکو پێویست دێنە گۆڕێ، هەروەها ئەم ئازادییانەش پشتیوانەیەکی بەهێز دەبن بۆ گەشەی سیاسی و ئابووری لە وڵاتدا.

کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك و سەردەمییانە بە بێ ڕاگەیاندن بوونی نابێت. کۆمەڵگە و ڕاگەیاندن جمکێکن کە بەبێ یەکتر ناتوانن بژین. کاتێك ئازادیی پەیڤین و نووسین دابین بکرێن، کولتووری دیالۆگ وەگەڕ کەوێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی هێمنانە و لە کەشوهەوایەکی لەباردا بەڕێوە بچێت، دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە لەو کۆمەڵگەیە بکرێت، کە داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو پێشکەوتن مسۆگەرە.



سێ چەمکی سەرەکی لە بوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا دەور دەبینن. یەکەم، پارتی و گرووپە سیاسییەکان کە شارەزاییەکانی باشیان لە پێوەر و کولتووری دەسەڵاتدارێتیی دیموکراتیکدا هەبێت و بڕوایان بە جێگۆڕکێی هێمنانەی دەسەڵات هەبێت، هەروەها لە کاتی گەیشتن بە دەسەڵاتیش، لە بەرامبەر کارەکانیاندا بەرپرس و لەبەرامبەر هاووڵاتیانیشدا وڵامدەرەوە بن. دووەم، بوونی ئۆپۆزسیۆنی قانوونییە کە یەکێك لە هۆکارەکانی چالاککردنی کۆمەڵگەیە. سێیەمیش، بوونی راگەیاندنی ئازاد و بەرپرسە، کە بە ئەخلاقێکی بەرزی رۆژنامەوانییەوە لە گەیاندنی بێلایەنانەی زانیاری بە هاووڵاتیان، دەوری سەرەکی هەبێت.

ئامرازی راگەیاندنی گشتی (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، چاپەمەنی، ئینتەرنێت) واتە (دەسەڵاتی چوارەم) باسکی درێژی دیموکراسییە کە دەبێ سەر لە هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگە بدات، تا بە نۆرەی خۆی ژیانێکی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا مسۆگەر بکات. چونکە ئامرازەکانی راگەیاندنی گشتی، سەرەکیترین سەرچاوەی گەیاندنی زانیاری و کەرەسەی رۆشنگەری و وشیارکردنەوەن، کە هاووڵاتیان بەڕێگەی ئەوانەوەیە ئاگاداری کاروکردەوەکانی حکوومەت و کۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، دەبنەوە و دەبێ بیزانن. لەبەر ئەم ئاگادارکردنەوە و گەیاندنی زانیاری بە هاووڵاتیانە، کە ڕۆژنامەوانان بەرپرسیاریەتییەکی قورسیان دەکەوێتە سەرشان.

پاراستن و بەهێزترکردنی ئەم بەرپرسیاریەتییەش ئەخلاقی ڕۆژنامەوانییە، کە بەهێزی دەکات. راگەیاندن وەکو چاودێری دەسەڵاتەکانی حوکمڕانیش (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) باسی لێوەدەکرێت، چونکە بازنەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیانە. ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی دەوری گەلێك گرنگی لە بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگەدا هەیە. تەنیا بەرژەوەندیی راگەیاندنیش لە بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگەدایە. ئامرازی راگەیاندنی گشتی، دەسەڵاتی هەیە.

## دەوڵەتی ئاوەز

کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەوەیکە لە بواری پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبیدا کۆمەڵگەیەکی ڕەنگاوڕەنگە، پێویستی بە دەوڵەتێکی گشتگر و هەمەلایەنە هەیە، کە لەسەر بنەمایەکی مەدەنی بینا بکرێت. بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە وەکو سەیوانەیەك بۆ هاووڵاتیان بێت، وا باشە سنوورێك لە نێوان خۆی و ئایین دابنێت، چونکە ئەم دوو دیاردەیە دوو کارکردی بەتەواوەتی لێك جیاوازیان هەیە.

ئایین و مەزهەبەکان بەپێی سروشتی خۆیان و لە هێڵی سەرەکییاندا خاوەنی "حەقیقەتی موتلەق" و "نەگۆڕن" و لە بواری سەرەکیدا دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ لە کۆمەڵگەدا ناهەڵنەوە.

دەوڵەتیش دامەزراوەیەکی سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتییە و ماف و ئەرکی هاووڵاتیان دەستنیشان دەکات. "دەستوور و یاساکانیشی داهێنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، کە لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئینسانەکانەوە سەرچاوە دەگرن." لەبەر ئەوە، هەر کاتێك مرۆڤەکان هەستیان کرد کە دەستوور یان هەندێك لە یاساکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەدا یەکتر ناگرنەوە، دەبێ گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا بێت. میکانیزمیش بۆ ئەمە دیالۆگە، کە وزە بە کۆمەڵگە دەدات.

لەبەر ئەم هۆیانە، سێکولاریسم لە هەنگاوی یەکەمدا هەوڵدەدات کە بۆ بەرژەوندیی گشتی و لەسەر بنەمای هاووڵاتێتی، ئایین لە دەوڵەت جیا بکاتەوە. لە دەوڵەتێکی دیموکراتیکدا کە ئایین لە سیاسەت جیا دەکرێتەوە، ئایینەکان ئەمرێکی شەخسی دەبن، بەڵام دەوڵەت بۆی نییە دژی ئایینەکان بێت، یان هەوڵبدات ئازادی لە ئایینەکان زەوت بکات یان لە کۆمەڵگەدا بیانسڕێتەوە.



جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت (دەوڵەتی نائایینی) بەو مانایەیە، کە حکوومەت دەبێ لە بەرامبەر ئاییندا بێلایەن بێت، بەرگری لە ئازادیی بیروڕادەربڕین بکات، ڕەچاوی مافی بەرامبەر بکات، دەست لە ژیانی هاووڵاتیان وەرنەدات، هەروەها شوێن بۆ گشت ئایین و مەزهەبەکانیش هەبێت، کە هاووڵاتیان لەوێدا، کاروباری ئایینی خۆیان ئازادانە بەڕێوە بەرن. بەواتایەکی تر، دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەبێ دەستێوەردان لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە، کاروباری خۆیان ڕاپەڕێنن. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش، دەبێ حکوومەت بەشێوەیەکی یەکسان و بەرامبەر سەیری ئایین و مەزهەبەکان بکات. سێکولاریسم (secularism) بەمانای قەدەغەکردنی ئایین و سڕینەوەی لە کۆمەڵگە یان دانی ئیمتیاز بە ئایینێك نییە. ئایین پرسێکی شەخسییە و تاك جیا لە کاروباری ڕۆژانەی وەکو پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کە بە گوێرەی یاسای گشتگیری وڵات بەڕێوەیان دەبات، ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیشی ئەنجام دەدات.

### بەئەقڵانیکردنی دامەزراوەکان

بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، پێویست نییە کە تاکەکان (ئاتێئیست) یان (ئاگنۆستیك) بن. ئایینداریش دەتوانێت لایەنگری لە حکوومەتی نائایینی بکات، چونکە دەوڵەت کاروباری خۆی لەسەر بنەمای یاسای مەدەنی بەڕێوە دەبات و ئایین و دامەزراوە ئایینییەکانیش کاروباری ئایینی خۆیان لە شوێنە ئایینییەکاندا بەڕێوە دەبەن. دیموکرات مەسیحییەکانی ئەوروپایی، پێڕەوی لەم ڕێوشوێنە مەدەنییە دەکەن. ئەوان توانیویانە بە هۆی بەڕێوەبردنی ڕیفۆرم لە تێفکرین و تێڕوانینی ئایینیی خۆیان، تاڕادەیەکی باش خۆیان لەگەڵ ڕەوتی بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی سێکولاردا بگونجێنن، بەڵام ئایینەکەی خۆیشیان وەلا نەناوە.

لەم دەڤەرەدا، مەسیحی و جوولەکەی سێکولار هاتوونەتە کایەوە. کەنیسەکان کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبن و دەوڵەتیش وەکو چەترێك، کە هەڵگری بایەخی

مەدەنیی گشتگرە بۆ گشت هاووڵاتیان، خەریکی بەڕێوەبردنی پلانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. ئەگەر حکوومەت لەسەر بنەمای پێوەری ئایینی (ئایین ـ حکوومەت) بێتە کایەوە، دەوڵەتی ئەقڵانی، کۆمەڵگەی مەدەنی، ئایین و مەزهەبەکانی تر کپ دەکرێن. کۆماری ئیسلامی لە ئێران، تالیبان لە ئەفغانستان و حکوومەتی ئایینی لە عەرەبستانی سعوودی هەندێك لەو دەسەڵاتە داخراوەنەن، کە تا مێشکی ئێسقان نامۆ بە ئازادی و دیموکراسین. دەوڵەتی ئایینی، دەوڵەتێکی قەیراناوییە و بێ بڕانەوە بەرەو داخراوەیی هەنگاو دەنێت.

بەڵام دەوڵەتی سێکولار، لە هەوڵی گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، هەروەها لە بواری سیاسیشدا لەسەر بنەمای مافی بەرامبەر و ئازادیی ڕادەربڕین بینا کراوە. لەم دەوڵەتانەدا تاك ڕۆڵی گرنگی پێدراوە، چونکە دەوڵەتی سێکولار (نائایینی) بڕوای بە ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام دەوڵەتە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان بڕوایان بە ئازادیی ڕادەربڕین نییە و هەردەم لە فکری ئەوەدان کە مافە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگە و تاك سنووردار بکەنەوە و بیانخنکێنن.

دەوڵەتی سێکولار، ئەندامانی ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵگە وەکو هاووڵاتیان سەیر دەکات و بۆ ئایین یان مەزهەبێك ڕەچاوی مافی تایبەتی ناکات، چونکە گشت هاووڵاتیان سەرەڕای ئەوەکە سەر بە ئایین یان مەزهەبێکی تایبەتی بن، وەکو یەك سەیریان دەکات و گشتیان لەبەرامبەر یاسادا وەکو یەك وان. بێشك دەوڵەتی نائایینی (ئەقڵانی) دەبێ بەردەوام لە هەوڵی گەشەی کۆمەڵگە، ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریدا بێت، بەڵام دەبێ دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش، دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم دەوڵەتە بن.

## ئازادی و دەستاودەستکردنی زانیاری

پێویستە زانیاری، توێژینەوە و خوێندن لەسەر بنەما و پێوەری زانستی بن، هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیاری، زانست و دەستاودەستکردنیان دەبێ بەیاسایی



بکرێن، تا کۆمەڵگە بتوانێت بەگوێرەی پێودانگی زانستییەوە گەشە بستێنێت و ئاگاداری بارودۆخی جیهانیش بێت.

ئازادیی ژنان و گەییشتن بە مافی بەرامبەر لە کۆمەڵگەدا، یەکێك لە پلانە سەرەکییەکانی دەوڵەتی سێکولارە. لەم دەوڵەتەدا، ژنان بۆیان هەیە و دەتوانن خاوەنی کار و مووچەی خۆیان بن، خاوەنی پاسپۆرت و بەسەربەستی مافی ئەوەیان هەیە سەفەر بکەن و خێوی ئەو پلە و شوێنانە بن، کە پیاوان لە دامەزراوە حکوومی و حیزبییەکاندا هەیانە. بۆ گەییشتن بەم ئامانجە گرینگەش، دەبێ تاك ئازاد بێت. تاکیش دەبێ هەم خاوەنی ماف بێت و هەمیش لەبەرامبەر کۆمەڵگە و ئەرکیدا کە پێی دەسپێردرێت، بەرپرس و وەڵامدەرەوە بێت، هەروەها ئەو ئازادییەی کە پیاوان هەیانە، پێویستە ژنانیش هەیان بێت.

حکوومەتی سێکولار بە مانای دژی ئایین، یا بێخودایی نییە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە ڕێسا و یاساکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی دادەڕێژرێن و دەوڵەتیش وەکو چەترێك هاووڵاتیان لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ژیرانە، ئاشتیانە و دیموکراتیك کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. لە دەوڵەتی ئەقڵانیدا، ئایین سەرچاوە یان تەنانەت یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان واتە ڕێسای بەڕێوەبەریی وڵات نییە، بەڵکو هەوڵدەدات کە بەرامبەریی پێڕەو بکات، ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت، هەروەها کۆمەڵگەش لە بواری سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بەردەوام گەشە بستێنێت. بۆ گەییشتن بە چەندچەشنی و پێکەوەهەڵکردن لە مەیدانی سیاسەت، ئایین و مەزهەبدا، هەروەها بۆ گەشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێویستە ڕوو لە سێکولاریسم یانی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بکرێت.

## چەند دەنگیی سیاسی و پێکەوەهەڵکردن

ڕەنگاوڕەنگبوون، فرەچەشنەبوونی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی هەرێمی کوردستان، گەلاڵەیەکی فرەچەشنەی گەرەکە کە بتوانێت ناسنامەی گشت پێکهاتەکان بپارێزێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، یەکەی سیاسی و نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بپارێزێت و بەهێزتری بکات.

لەم سۆنگەوە چەند دەنگیی سیاسی (پلۆرالیسمی سیاسی) و پێکەوەهەڵکردن (تۆلێرانس) دوو کۆڵەکەی کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنەی دیموکراتیکن، کە لە قۆناغی دەربازبووندا بوار بۆ هاووڵاتیانی کۆمەڵگە خۆشدەکات تا لە ڕەوتی بنیاتنانەوەی وڵاتدا بەشداری بکەن.

بەڵام بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك، فەرهەنگێکی دیموکراتیکی گەرەکە. ئەوانەی لایەنگری کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکراتی دەکەن، دەبێ خۆیان دیموکرات بن و هەڵگری فەرهەنگێکی لەم چەشنە بن، هەروەها پشتیوان و بەشداری لە دیالۆگ و وتووێژی ئەقلانیدا بکەن. کۆمەڵگەی دیموکراتیك و چەند دەنگە، دیالۆگ، مافی مرۆڤ (مافی بەرامبەر) و ئازادیی ڕادەربڕین، هەندێك لەو چەمکە سەرەکییانەن کە پەیوەندییان بە بیرکردنەوە و ئەقڵەوە هەیە. بۆ بەجێگەیاندنیشیان دەبێ ئەقڵ و ئاوەز وەگەڕکەون. بێشك لەم مەیدانەدا، چەند دەنگیی سیاسی و پێکەوەهەڵکردن دوو مەرجی پێویستن.

### دووانەی چەند دەنگیی سیاسی و پێکەوەهەڵکردن

لە ڕوانگەی فکری و عەمەلییەوە، "چەند دەنگیی سیاسی پرۆژەی مۆدێرنیتەیە" کە لە وڵاتە پێشکەوتووکانی سەرمایەداریدا بەڕێودەچێت و هەر ئێستاش گەشە دەستێنێت. لەم کۆمەڵگەیانەدا، دەسەڵات بە ڕێگای هەڵبژاردن، پێکەوەهەڵکردن و دیالۆگەوە دەستاودەست دەکرێت. بنەمای ئەمەش ئازادییە بەرفراوانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن، کە ئەم ئامانجە دەپێکن.



هاووڵاتیانی ئەم کۆمەڵگەیانە تەنانەت بەبێ ئەوەی بیر لە کودەتای نیزامی، جموجۆڵی چەکداری، توندوتیژی، گوشارهێنان، چەمکی دەمارگیری و سڕینەوەی یەکتر بکەنەوە، بە ڕێگایەکی مەدەنیدا و لەسەر بنەمای مافی بەرامبەر، کێشەی دەسەڵات، پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان یەکلادەکەنەوە. لەم دەڤەرانەدا ئازادیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی دەستەبەر کراون و دەسەڵاتی یاسا و عەقڵیش جێگیر کراون. کاتێك باس لە ئازادی دەکرێت، پێویستە باس لە یاساش بکرێت. ئازادیی بەبێ یاسا کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات، بەڵام یاساش بەبێ ئازادیی، کۆمەڵگە دەخنکێنێت. هەر لەم پەیوەندییەدا، دیالۆگی بەرفراوان، ئاشکرا و کولتووری دیموکراتیکە کە ئەمانە دەچەسپێنێت. بڵاوکردنەوەی زانیاری و پێکەوە ئاخافتن، خولقێنەری کولتووری دیموکراسین، کە ئەمەش هاووڵاتیی یاسا قبووڵکەر، هەروەها حکوومەتێکی بەرپرس و وڵامدەرەوە دێننە کایەوە.

بە گوێرەی بۆچوونی کۆمەڵناسە لیبراڵەکان، پلـۆرالیسم، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە "کۆمەڵگە، مەودا بۆ کۆمەڵێك پارتی و ڕێکخراو، بیروڕای جیاواز، ڕێکخراوی ناحکوومی و تاك، کە بەرەسمی دان بە بەرژەوەندیی جیاواز دادەنێن دروست بکات،" هەروەها بە ڕێگای کێبەرکێی سیاسی، ئاشتییانە و دیموکراتییانەدا، کێشەکان چارەسەر بکەن.

کاتێك باس لە پلـۆرالیسم دەکرێ، دەبێ باس لە جیاوازییش بکرێت. بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازیی بیروڕا و بەرژەوەندی ئەوانی تر، پلـۆرالیسم مانایەکی نییە. کاتێك باس لە پلـۆرالیسم و جیاوازیی دەکرێت، دەبێت باس لە دانوستان و لێدوانیش (دیالۆگ) بکرێن. بۆ گەییشتن بەم ئامانجە، بڵاوکردنەوەی زیاتری زانیاری لە لایەن حکوومەتەوە، هەروەها هەوڵی بێوچانی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بۆ بڵاوکردنەوە و دەستاودەستکردنی زانیاریی دروست و جێی متمانە، دەوری گەلێك گرینگ و بنەڕەتی لە بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگەدا دەگێڕن.

بەڵام بەیاساییبوونی دەستاودەستکردنی زانیاریی لە لایەن دەوڵەتەوە، مەرجی سەرەکییە بۆ ئازادکردنی زانیاری لە کۆمەڵگەدا. ئەم هەنگاوە هاوکات کە کەشوهەوایەکی ئاشتیانە لە کۆمەڵگەدا دەخولقێنێت، دەتوانێت مەیدان لە گەندەڵیی ئیداری و سیاسیش بەرتەسك بکاتەوە.

پلـۆرالیسم و جیاوازی لە بیروڕا و بەرژەوەندی، تەنیا بە ڕێگای دیالۆگ و پێکەوەهەڵکردنی ژیرانەیە کە گەشە دەستێنێت. بوونی زمانی هاوبەش و ئاراستەکردنی پلانی گشتگر، هەروەها دۆزینەوەی میکانیزمی سیاسی و مەدەنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە توانای دیالۆگ و کاری ئەقڵانیدایە. بە عەقڵ و ڕێکاری ژیرانەیە کە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك، دەوڵەتی بەرپرس و وەڵامدەرەوە، هەروەها هاووڵاتیی وشیار و یاساقبوولکەر دێنە کایەوە. لەم سۆنگەوە، حکوومەتی یاسا یەکێك لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتیکە. "دیموکراسی بەبێ دەوڵەتی یاسا بوونی نییە و نابێت."

هەر لەم پەیوەندییەدا، تەنیا دەسەڵات و هێزە کە دەتوانن حکوومەتی یاسا جێگیر بکەن، بەڵام تەنیا یاساشە کە دەتوانێت "دەسەڵات و هێزی دەوڵەتی سنووردار بکاتەوە" و دەوڵەتێکی ئەقڵانی کە بنەماکەی لەسەر ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بێنێتە کایەوە.

بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەوەش بکرێتەوە، کە هەر سێ پێکهاتەی دەسەڵات واتە (دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکوومەت) و دەسەڵاتی داد (دادوەری) لەیەك جیا بکرێنەوە و هەر یەك لەم دەسەڵاتانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاروباری خۆیان ڕاپەڕێنن. دەبێ ئەو ڕێنوێنییە یاساییانەش لە دەستووری وڵاتدا باسیان لێوە بکرێت، کە دەسەڵاتەکان بۆیان نەبێت دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن یان بەچەشنێك ڕێوشوێنیان بۆ دیاری بکەن، کە چی بکەن و چی نەکەن. بە واتایەکی تر دەبێ هەر دەسەڵاتێك لەسەر شوێنی خۆی دابنیشێت، بەڵام پێکەوە هەماهەنگیشیان هەبێت تا بواری دیاردەی گەندەڵی بەرتەسکتر بکرێتەوە.

دەسەڵاتی یاساش بەو مانایەیە، کە هیچ کەسێك جا پایەبەرزێکی حکوومی، ئایینی و حزبی بێت یان هاووڵاتییەکی ئاسایی، لە سەرووی یاساوە نەبێت. دەسەڵاتێکی دیموکراتیك کاروبار و ڕێوشوێنەکانی بەڕێگای یاساوە بەڕێوەدەبات و هەر ئەوانیش دەبێ پێڕەوی لە یاسایەکە بکەن. ئەگەر یاسا، ماف و ئەرك بۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی دیاریدەکات، هەر بەو چەشنە دەبێ بۆ حکومڕانانی وڵاتیش دیاری بکات. ئەگەر حکوومەتی یاسا داوا لە هاووڵاتییەکی ئاسایی بکات، کە دەبێ لە کۆمەڵگەدا پێڕەوی لە دەسەڵاتی یاسا بکات، هەر بەو پێیەش دەبێ ژنان و پیاوانی دەسەڵات، هەروەها پیاوانی ئایینیش ڕێز لە دەوڵەتی یاسا بگرن و بەڕێوەیبەرن.



دیالۆگ، زمان و پێناسەی پلـۆرالیسمە، پێکەوەهەڵکردنیش گەشەی پێدەدات و بەیاسایی دەکات. جیاوازیی بیروڕاش، پلـۆرالیسم بەهێز دەکات و دەتوانێ لە درێژەی خۆیدا بیکاتە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی.

جێی ئاماژە پێکردنە، کە بوونی پلۆرالیسمی سیاسی و پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ تێڕوانینی چڕ، بەستەڵەکی فکری، سانترالیسمی ڕۆژهەڵاتییانە، دەوڵەتی ئایدۆلۆژیکی و ئایینیدا یەکتر ناگرنەوە. لەبەر ئەوە، ئاڵوگۆڕ و چاکسازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، هزری و تێڕوانینی ئایینی، هەروەها گەشەی ئەقڵانیی ئابووری لە وڵاتی ئێمەدا مەرجی هەرە سەرەکین.

## کۆبەندی چەند دەنگیی سیاسی و پێکەوەهەڵکردن

پلۆرالیسمی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ئەم دەرفەتە بە هاووڵاتیانی ئەو یەکە سیاسی و نەتەوەییە دەدات، کە لە ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستاندا گەلێك چالاك بن. ئەمەش لە بەهێزترکردن و پاراستنی هەرێمی کوردستاندا دەورێکی گەلێك گرنگ دەگێڕێت. چەند دەنگیی سیاسی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسییە، هەروەها هۆکارێکی گرنگیشە بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و بەشدارییەکی بەرفراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان لە کاروباری هەرێمی کوردستاندا. لایەنێکی تری ئەم دیاردەیە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزتر ڕاگرتنی پلەی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا.

بیروبۆچوونی پارتی و ڕێکخراوی جیاواز، بارستاییان لە کۆمەڵگەدا هەر چەند بن، با بن، چونکە لەم مەیدانەدا گرینگ ئەوەیە، کە بە چ میکانیزمێکی گشتگیر و دیموکراتێکەوە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی کوردستان بپارێزرێت، کە یەکسانیی لە مافدا بێتە کایەوە و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگەش بەدیموکراتی بکرێن. بە واتایەکی تر، بۆئەوەی کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگ و فرەچەشنەی هەرێمی کوردستان بەم ئامانجانە بگات، دەبێ ژیرانە و ئاشکرا لەسەر بنەمای مافی یەکسان، لە گشت بوارەکان لەگەڵ خۆیدا بپەیڤێت.

## دەسەڵاتی یاسا؛ جیاکردنەوەی حزب لە دەوڵەت

حکوومەتی یاسا، بەشێکی هەرە گرنگ و بنەڕەتیی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکە. لەم دەسەڵاتەدا، گشت ئەندامانی چڤاك ڕەچاوی یاسا و ڕیسای وڵات دەکەن. دەسەڵاتی یاساش بەو مانایەیە، کە هیچ کەسێك جا چ پایەبەرزێکی حکوومی، ئایینی یا حزبی بێ، نابێت لە سەرووی یاساوە بن. ئەم دەسەڵاتە کاروبار و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبەریی وڵات بەڕێگای یاساوە جێبەجێ دەکات و هەر ئەوانیش دەبێ پێڕەوی لە یاساکان بکەن، هەروەها دەوڵەتی یاسا دەبێ پارێزەری لە مافی تاکیش بکات.

پارتی سیاسی، گرووپێکی کۆمەڵایەتییە کە بەڕێگای هەڵبژاردنەوە تێدەکۆشێت تا دەسەڵات بەدەست بگرێت. ئامانجیش لە بەدەسەڵات گەیشتن ئەوەیە، کە بەرنامە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕێگای حکوومەتەوە لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکات. پەرلەمانیش کە شوێنی پەسندکردنی یاسا و ریسای بەڕێوەبەریی وڵاتە، پێکهاتەکەی ئەندامانی پارتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانن. هەر کاتێکیش کە پارتییەك یان ڕێکخراوێکی سیاسی پرۆژە و پلانی بۆ ئاوەدانکردنەوە یا بۆ ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەوە تەنیا بەڕێگای نوێنەرەکانیەوە لە پەرلەماندا دەیانهێنێتە گۆڕێ.

دەوڵەتیش دامەزراوەیەکی سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتییە، کە ئەرکەکەیشی جێبەجێکردنی یاساکانە لە کۆمەڵگادا. لەم دۆخەدایە کە کارکردەکانی حزب و دەوڵەت، هەروەها ئەرکەکان لێك جیا دەکرێنەوە.

بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردن کە باوە، هەر چوار ساڵ جارێك جێگۆڕکێ لە دەسەڵاتدا دەکرێت، پارتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش بۆ ماوەی چەند حەوتوو هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبن تا چارەنووسی دەسەڵات دیاری بکەن. بە کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن، دەسەڵاتی نوێ حوکمڕانی دەگرێتە دەست خۆی و پێکهاتەی دامەزراوەکان دیاری دەکات. بە



واتایەکی تر، پارتییە سیاسییەکان هەر چوار ساڵ جارێك بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵات، دەردەکەون و دوای ئەوەکە هەڵبژاردن کۆتایی پێهات، دەچنەوە ناو قاوغی خۆیانەوە و بۆیان نییە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری حکوومەت و دامەزراوەکانی وەربدەن.

لەم دۆخەدایە کە دەسەڵاتی نوێ متمانەی بەڕێوەبەریی وڵات لە پەرلەمانەوە وەردەگرێت، بەڵام پارتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش دەبێ ئاکامی هەڵبژاردن و متمانەی پەرلەمان بە دەسەڵاتی نوێ قبووڵ بکەن و مەیدان بۆ حکوومەت چۆڵ بکەن، تا دەسەڵات بەشێوەیەکی یاسایی کە دامەزراوەیەکی سەرەکی و بەرپرسیاریەتیی کاروباری وڵات و هاووڵاتیانی لە ئەستۆدایە، بەڕێوەبەرێت.

لەم قۆناغەدا حکوومەتی نوێ بە گشت دامەزراوەکانیەوە کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات، بەڵام پارتی و ڕێکخراوەکانیش هەر لەم دەمەدا، دەست دەدەنەوە کاری حیزبیی خۆیان و کار و ئەرکی وڵات بە دەسەڵاتی نوێ دەسپێردرێت. بەم پێیە سنووری نێوان حکوومەت و حیزب دیاری دەکرێت.

حکوومەت گشت پلان و پرۆژەکانی بەگوێرەی یاسای گشتیی وڵات بەڕێوەدەبات، ئەمەش تەنیا کاری دامەزراوە حکوومییەکانە. پارتی سیاسیش کاروباری حزبی خۆی وەکو پروپاگەند و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە حزبەکەی ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکات، هەروەها بە گوێرەی پێداویستییەکانی خۆی کۆنفرانس و سمیناری جۆراوجۆر بەڕێوە دەبات، لە بۆنە نەتەوەیی و مێژووییەکاندا بەشداری دەکات یان پێکیان دێنێت و بەپێی پرۆگرامی خۆی کە گەیشتن بەدەسەڵاتە، ژنان و پیاوانی دەسەڵات پەروەردە دەکات.

لە لایەنی حکوومیشەوە، دەسەڵاتەکان هەر کامیان بە پێی یاسا و بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڵام هەماهەنگ لەگەڵ یەکتردا کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبەن.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن” سەرکۆماری وڵات، وەزیرەکان و دامەزراوە حکوومییەکان، بەشێکی سەرەکی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنن. ئەندامانی ئەم دەسەڵاتەش هەر لە پارتی

و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە پێکدێن. ئەم دەسەڵاتە نەتەنیا یاساکان بەڕێوەدەبات، بەڵکوو دەتوانێت خاوەنی پێشنیاز و داواکاری ئاڵوگۆڕیش لە یاسادا بکات.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەکوو سەیوانەیەك و لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و گشتگردا کار بۆ هاووڵاتیان دەکات، بەڵام پارتییەکی سیاسی ئەمەی بۆ ناکرێت. چونکە هاووڵاتی ئەندامی کۆمەڵگەیە و پرسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕووبەڕووی حکوومەت دەکاتەوە و هەر لەو حکوومەتەش کار و خزمەتگوزاری دەوێت، بەڵام ئەم هاووڵاتییە دەتوانێت ئەندامی هیچ پارتی و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبێت و هیچ چەشنە داواکارییەکیان لێ نەکات. هەر لێرەدا، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی هاووڵاتیانیشەوە، سنووری نێوان حزب و دەوڵەت لێك جیا دەکرێتەوە.

دەسەڵاتی یاسا دانانیش (پەرلەمان) نەك تەنیا یاسا بۆ وڵات دادەڕێژێت، بەڵکوو بۆی هەیە بە کاروباری حکوومەتیشدا بچێتەوە و سەرکۆمار، سەرۆکوەزیران یان وەزیرێکیش بۆ پەرلەمان بانگهێشت بکات و پرسیار بخاتە سەر کار و پلانەکانیان و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکات. ئاشکرایە کە ئەندامانی ئەم دەسەڵاتەش (پەرلەمان) هەر لە پارتی و ڕێکخراوی سیاسی پێکدێن.

بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی یاساش، پێویستە دەسەڵاتی دادوەریی بەهێز، بێلایەن و سەربەخۆ بێت تا بتوانێت ئەو دامەزراوە حکوومی، ئایینی و حزبییانەی کە بەپێچەوانەی یاسای گشتیی وڵات بجووڵێنەوە یان یاساکان پێشێل بکەن، یاسایان وەبیر دێنێتەوە و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ دەکات. لەبەر ئەوە ئەندامانی ئەم دەسەڵاتە دەبێ سەربەخۆ و بێلایەن بن، چونکە دەسەڵاتی دادوەری، یاسای وڵات و ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ دوو دەسەڵاتەکانی تر و هاووڵاتیان دیاری کراون، دەیانخاتە خانەی داد و یاساییەوە.

کاتێك لە دەوڵەتی یاسادا کە حزب لە دەوڵەت جیا دەکرێتەوە، بوارێکی ئەقڵانی بۆ بەڕێوەبەریی وڵات دێتە کایەوە، کە لە ئاکامدا مەودای نێوان هاووڵاتیان و حکوومەت هەنگاو بە هەنگاو کەمتر و کەمتر دەبێتەوە.



## دەنگدان؛ ماف و ئەرك

دەنگدان سەرەکیترین مافە لە سیستەمی دیموکراسیدا. بەڵام دەنگدان تەنیا ماف نییە، بەڵکو ئەرکیشە کە هاووڵاتیان ڕاستەوخۆ بیروڕا و داخوازییەکانیان بە ئەوانی تر ڕادەگەیێنن.

هاووڵاتیان بەڕێگەی دەنگدانەوە بەشداری لە داڕشتن یا داڕشتنەوەی هێڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا دەکەن، هەر بەو پێیەش کارتێکەرن. بەشداری لە دەنگدان، مانای چالاکبوونی هاووڵاتیانی وڵات دەگەیێنێت، کە لە بەرامبەر چارەنووس و داهاتووی وڵاتیاندا خۆ بە بەرپرس دەزانن. دەنگدان، بەهێزترین و باشترین ڕێگەیە بۆ هاووڵاتیان کە بتوانن کار لەسەر پاڵێوراوان و پلانە سیاسییەکاندا بکەن.

ئەرکی سیاسەتوان و ڕۆژنامەوانانە کە ئەم بەرپرسیارییەتییە لە نێو هاووڵاتیاندا بەهێز بکەن، تا هاووڵاتیان بە زۆرترین ڕێژە ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان بکەن و لە هەڵبژاردنیشدا بڕیاری وشیارانە بدەن. دەبێ سیاسەتوانان و کەرەسەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ئەقڵانی و بە زمانێکی دوور لە گرژێخولقێن و ڕەق باس لە بەرنامەکان، هەروەها جیاوازی نێوان پلان و پرۆگرامی لیست و گرووپەکاندا بکەن، تا باشترین پلان و بەرنامە زۆرترین دەنگ بەدەست بێنێت. دەنگدەران دەبێ بەباشی ئاگاداری بەرنامەی پاڵێوراوان، شێوە و شوێنەکانی دەنگدان، هەروەها یاساکان و تایبەتمەندییەکانی دەنگدان بن.

### بۆچی دەنگدان گرینگە؟

هەڵبژاردن ڕەوتێکی دیموکراتی و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی پێکهاتەی دامودەزگا حکوومییەکان لە وڵاتدا. دەنگدان، ڕێککەوتنێکی چوار ساڵەیە

که لە نێوان هاووڵاتیان و حکوومەتدا بەڕێوەدەچێت، هەروەها ئەم ڕێککەوتنە، هەڵگری بەرنامە و پلانی ژیانێکی باشتر بۆ داهاتووە. لەبەرئەوە، بەشداریی هاووڵاتیان لە دەنگداندا، حکوومەتی سێ ستوونە بە (دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری) نۆژەن دەکاتەوە، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە جوگرافیایەکی نەتەوەییدا، ستراتیژیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری کە هەڵگری لایەنی ناوخۆیی و دەرەکییە و ڕاستەوخۆی پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە، جێبەجێ دەکات.

گرینگییەکی تری هەڵبژاردن ئەوەیە، کە هاووڵاتیان بۆ ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێی دەسەڵات ڕوو لە کەرەسە و ڕێگای ئاشتییانە دەکەن و بە هۆی پرۆسەیەکی مەدەنی و هێمنانەوە، خوازیاری ژیانێکی باشتر و خزمەتگوزاریی زۆرتر لە کۆمەڵگەی خویاندا دەبن.

لە هەڵبژاردندا وا باوە، کە کۆمەڵە ئینسانێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دامەزراوە حکوومییەکان، لە لایەن پارتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دەستنیشان دەکرێن و بە هاووڵاتیان دەناسێندرێن، تا لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگیان پێ بدەن. بەم چەشنە لە یەکەیەکی نەتەوەییدا، پرسی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی مەدەنی، کە لەودا دەبێ مافی هاووڵاتیان بەتەواوەتی پارێزرابێت، بەڕێوەبچێت.

ئازادیی گەیاندنی زانیاری بۆ دەنگدەران، دەبێتە بنەما بۆ هاووڵاتیان تا بڕیاری لەسەر بدەن. ڕوون و ئاشکرابوونی پلانی ستراتیژیی پاڵێوراوان، کە چییان دەوێت و لە کاتی گەییشتن بە دەسەڵات، چۆنی بەڕێوە دەبەن. دابینکردنی مافی تەواوی هاووڵاتیان بۆئەوەی بتوانن لە کەشێکی لەباردا بڕیار بدەن، تا جێگۆڕکێ لە دەسەڵاتدا روو بدات. بەشداریی پاڵێوراو و لیستی ڕەنگاوڕەنگ لە ململانێی هەڵبژاردندا، هەروەها قبووڵکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە لایەن پارتی و گرووپە سیاسییەکانەوە، لە دوای ئەوەی کە بێخەوشیی هەڵبژاردنەکە سەلمێندرا، هەندێك لەو



چەمکە سەرکییانەن کە بە دیموکراتیبوونی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی هێمنانەی دەسەڵات دەردەخەن.

لەبەر ئەم هۆیانەیە کە دابینکردن و پاراستنی کەشوهەوای هێمن، دوور لە ئاژاوە و گرژی، خۆپاراستن و بەرگرتن بە بابەتی چەواشە، لاوەکی و شێوێنەر، ئەرکی سیاسەتوانان و دەزگاکانی راگەیاندنە کە لێبڕاوانە هەوڵی بۆ بدەن. ئەمەش مافی بنەڕەتیی هاووڵاتیان و تایبەتمەندیی هەڵبژاردنە، کە پێویستە دابین بکرێت.

## گرنگیی هەڵبژاردن لە چی دایە؟

بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردن و ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە، کە پێکهێنانی حکوومەتی لێدەکەوێتەوە، لە کردەوەدا بە مانای کارتێکەری لەسەر سیاسەت، ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدایە، کە هاووڵاتیان بڕیاردەری دەبن.

گرنگییەکی تری هەڵبژاردن لەوە دایە کە لەسەر بنەمای تاك پێکهاتووە، یانی تاك لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆی هەیە خۆی بڕیار بدات و وەکو تاکێك دەنگ بدات، بەڵام دەنگ بە کێ دەدات و بە کێ نادات، ئەمەیان بابەتێکی ترە.

هەڵبژاردن لە فەلسەفەی خۆیدا کەسایەتی و بەرپرسیاریەتی بۆ تاك دروست دەکات و خاوەنی بڕیاردانی دەکات. جا لەبەر ئەوە پێویستە، کە تاك لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە باشترین شێوە کەڵك لەو مافەی خۆی وەربگرێت تا کارتێکەر بێت، چونکە لەسەر بنەمای دەنگی کۆی تاکەکانە، کە دەسەڵاتی سیاسی پێکدێت. دەنگدان، شانۆی هێز و ئەقڵی هاووڵاتیانە بۆ جێگۆڕکێ لە دەسەڵاتدا.

## هەڵبژاردن و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی

### ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا

ڕاگەیاندن ڕۆڵی پەیوەندی چێکەر لە نێوان دەنگدەران و پارتی و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەگێڕێت. هەر بە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوەیە کە هاووڵاتیان ئاگاداری پرۆژە و پلانی گرووپە سیاسییەکان دەبنەوە. ڕاکێشانی هەرچی زیاتری هاووڵاتیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە یەکەم هەنگاودا یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنە. ڕاگەیاندن دەتوانێت ئەم ئەرکە بەڕێوەبەرێت، ئەویش بەڕێگای ئاگادارکردنەوەیان لە مافی دیموکراتیکی خۆیان کە چۆن بەڕێگەی سیاسیی هێمنانەدا کێشەکان یەکلا بکەنەوە. خاڵی دووەم، هاووڵاتیان لەم بەشدارییەدا دەنگ بە کێ دەدەن، ئەمە ئەو بڕیارە گرینگەیە کە خۆیان دەبێ خاوەنی بن.

پێویستە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەوپەڕی بەرپرسیاریەتییەوە زانیاریی پێویست بە هاووڵاتیان بگەیێنێت. لە پێشەوەی گشت زانیارییەکان، یاساکانی هەڵبژاردن و پێشێلکردنی یاساکانە کە دەبێ هاووڵاتیان بیزانن، هەروەها لە پرۆژە و پلانی ئەو کیانە سیاسییانەی کە بۆیان هەیە پاڵێوراویان هەبێت، ئاگادار بکرێنەوە.

شیکردنەوەی دروشمەکان و پرسیار دروستکردن لە بەرامبەر هەر دروشمێکدا، یەکێك لە کارە هەرە باشەکانی ڕاگەیاندنە کە دەبێ لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ڕەچاوی بکات. چونکە هەر دروشمێك هەڵگری کۆمەڵێك واتایە، کە پاڵێوراو یان لیستێك بۆ گەییشتن بە دەسەڵات ڕادەگەیێنێت. بەشداریی ڕاگەیاندن لە ڕەوتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەو مانایەیە، پاڵێوراوان دەرفەتی ئەوەیان پێی بدرێت کە پرۆژە و پلانەکانیان بە باشی ڕابگەیێنن، هەروەها هاووڵاتیانیش زانیاری پێویستیان دەست کەوێت.

پێکهێنانی دەرفەت بۆ کارناسان و لێکۆڵەران بۆ لێکۆڵینەوەی دروشم و پرۆژەکان، یارمەتییەکی باش بە دەنگدەران دەدات تا زانیارییەکی باش لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا



بەدەست بێنن. ئەم کارەی ڕاگەیاندن یارمەتییەکی باش بە بڕیاردان دەدات و چاوەڕوانییەکی ماقووڵیش لە توانای دەسەڵاتی داهاتوو پێك دێنێت.

لە یەکێك لە بەندەکانی بەرنامەی ڕێکخراوی "ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا" بۆ "هەڵبژاردنی ئازاد و ڕەوا" هاتووە: "بۆوەی دیموکراسی پێش بکەوێت و پەرە بگرێت، دەبێ هاووڵاتیان زانیاری پێویستیان بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بەدەست بگات." هەروەها "دەسپێڕاگەیێشتنی پارتییە سیاسییەکان بە کەسەرەکانی ڕاگەیاندن، ئەویش بەبێ هەڵاواردن، بە کارێکی پێویست دەزانێت."

ئاشکرایە کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا دەگێڕێت. دیارە لە هەر وڵاتێکدا بەپێی تایبەتمەندی، ڕۆڵی یەك کەرەسە یان چەند کەسەرەیەك بەرز دەبێتەوە. لە وڵاتی ئێمەدا تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەوری سەرەکی دەگێڕن. دەستپێڕاگەیێشتنی بەرامبەری لیست و پاڵێوراوان بە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن، ڕەوتی هەڵبژاردن باشتر و هێمنتر دەکەن و بەدیموکراتیکردنیش قووڵتر دەکەنەوە.

### دەوری کەرەسەکانی ڕاگەیاندن لە چۆنیەتی گەیاندندا

یارمەتی و ڕێنوێنی پەیامنێران، ڕۆژنامەوانان و خاوەنانی ڕاگەیاندن بۆ ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە نووسینی ڕاپۆرتدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە نووسینی دنەدەرانە، خۆپاراستن لە بەکارهێنانی زمانی نەیارانە و بەرگرتن بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ، یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی ڕاگەیاندنە کە پێویستە ڕەچاو بکرێت.

- بە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوەیە کە هاووڵاتیان زانیاری سەبارەت بە پلانی سیاسیی پاڵێوراوەکان وەدەست دێنن. لەم نێوەدا تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و تا ڕادەیەکی بەرچاویش ڕۆژنامەکان شوێنی سەرەکییانە هەیە. بەپێی ئەوەی کە تەلەفزیۆن بە دەنگ و وێنەوە، کارتێکەریی لە ناو هاووڵاتیاندا بەرچاوترە، بەرپرسیاریەتی ئەم دەزگایە قورسترە.

- پێکهێنانی مێزگرد سەبارەت بە پلان و پرۆژەکان دەوری گرینگ دەگێڕێت. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مێزگردەکان ئەوەیە کە لیست و پاڵێوراوان بەشێوەیەکی یەکسان،

هەروەها پێکەوە لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا بەشدار دەبن. لە لایەکی تریشەوە ئەم ڕووبەڕوو دانیشتنە دەتوانێت، کەشوهەوایەکی هێمن و دۆستانە پێك بێنێت.

- گرینگیدان بە بەرنامەی لیست و هاوپەیمانەکان، گرینگتر لەوەیە کە بایەخ بە ناکۆکیی نێوان لیستەکان بدرێت. لە پلەی یەکەمدا، پێویستە بایەخ بە بەرنامەی لیست و گرووپەکان بدرێت، دووەم شوێن بە ناکۆکییەکان بدرێت.

پێکهێنانی کەشوهەوای هێمن و دوور لە گرژی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان، هەروەها پاراستنی ئەم کەشوهەوایە کە بەشێکی دەکەوێتە سەرشانی ڕاگەیاندن. کەشوهەوای هێمن و هەڵبژاردن، پێکەوە مانا دەدەن. بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردن و بوونی ئەم بەشدارییە وەکو کولتوور بۆ چارەسەرکردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بۆ ڕاگەیاندنیش کارێکی ئەرێنییە.

## پێداچوونەوە بە کاری کەرەسەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا

پێویستە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ و جێی متمانە لەسەر بارودۆخی ئازادیی ڕاگەیاندنەکان، هەروەها کاری ڕاگەیاندن لە ڕەوتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئەویش بەرێگەی ڕۆژنامەوانانی پیشەیی، پسپۆڕانی ڕۆژنامەوانی و پارێزەرانەوە بەرێوەبچێت.

## ئامانج:

ئەمە بریتی دەبێت لەوە، کە ئاخۆ ئەو بابەتانەی کە لەم ڕەوتەدا بڵاودەکرێنەوە، لە بواری ڕۆژنامەوانییەوە تا چەندە ڕەچاوی پێودانگەکانی ڕۆژنامەوانی کە ڕەوایی، هاوسەنگی و بێلایەنی لە گەیاندنی زانیاریی پێویست بە هاووڵاتیان کراوە. دەکرێت لە چەند خاڵدا باس لەم چاودێریکردنە بکرێت، بۆ نموونە:

- چاودێریکردنێکی خەست لەسەر ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی لە گشت مەیدانەکانی ڕاگەیاندندا.



- تا چ ڕادەیەك پەیامەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە بە هاووڵاتیان دەگەن.
- پێویستە ئەو کەناڵ و ئامرازانەی کە زۆرترین بینەر، بیسەر یان خوێنەریان هەیە، لە ژێر چاودێری تایبەتیدا بن.
- چاودێریکردن بەسەر ڕاگەیاندنەکان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئەوەش دەگرێتەوە کە:
- تا چ ڕادەیەك گوشار لە سەر ڕاگەیاندنێك یان چەند ڕاگەیاندندا هەیە.
- بەربەست دروستکردن لە سەر ڕێگەی کاری پەیامنێران بۆ وەرگرتنی زانیاری یان بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.
- کەمتەرخەمیکردن لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە سەبارەت بە دانی زانیاری بە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی.
- گوشار بە مەبەستی وەرێختنی سانسۆر لەسەر کەرەسەکانی گەیاندنی زانیاری.

جیا لەمانەش دابینکردنی ئاسایش بۆ پەیامنێران لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئەرکێکی گرینگی دامودەزگا حکومییەکانە کە یارمەتییەکی باش بە ڕەوتی گەیاندنی زانیاری بە هاووڵاتیان دەدات. لەبەر ئەوە پێویستە کە ئاسایشی جەستەیی و کەرەسەیی ڕۆژنامەوانان بپارێزرێت، چونکە لە نەبوونی ئاسایش بۆ ڕۆژنامەوانان، کەرەسەکانی ڕاگەیاندن ناتوانن لە رەوتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا یارمەتیدەری هاووڵاتیان و گەیێنەری زانیارییەکان بن. لەبەر ئەوە پێویستە:

- ئاسایشی کارکردنی ڕۆژنامەوانان دابین بکرێت کە ئەمەش بریتی دەبێ لە: دابینکردنی ئاسایشی جەستەیی و کەرەسەکانی کارکردن.
- دابینکردنی ئاسایشی هاتووچۆ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و نووسینی ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوەیان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا

## بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی حکوومەت لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا

پێویستە کە ڕاگەیاندن، زانیاری سەبارەت بە چالاکییەکانی حکوومەت لە سەردەمی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە هاووڵاتیان بگەیێنێت. لە ڕەوتی هەڵبژاردندا کە پارتی و گرووپە

سیاسییەکان بە گەرموگوڕی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانیاری و پروپاگەندەی هەڵبژاردنن، ئەوە ئەو مانایە ناگەیێنێت کە حکوومەت و دامودەزگاکانی هیچ چەشنە چالاکییەکیان نەبێت (کە دەبێ هەیانبێت) و ڕاگەیاندنیش لە ژێر ناوی ئەوەکە ئەم چالاکییانەی حکوومەت دەچنە ناو خانەی "هەڵمەتی هەڵبژاردن"ەوە، خۆ لە گەیاندنی زانیاری بپارێزێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، تا ئەو کاتی کە ئاکامی دەنگەکان ڕادەگەیێندرێن و حکوومەتی نوێ بەڕەسمی دەسەڵات بەدەست دەگرێت، دەسەڵاتی پێشوو هەر وەکو جاران درێژەی بە کاروچالاکییەکان خۆی دەکات و ئەرکی ڕاگەیاندنیشە کە کاروچالاکییەکانی حکوومەت و دامودەزگاکانی بە هاووڵاتیان ڕابگەیێنێت.

لەبەر ئەوە پێویستە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن هەر وەکو پێش هەڵمەتی هەڵبژاردن، درێژەی بە بڵاوکردنەوی کاروچالاکییەکانی حکوومەت بدەن، بەڵام بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەکە، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دۆخەکە هەستیارە و تاڕادەیەکیش ئاسایی نییە، پێویستە دوو شت لێك جیا بکرێنەوە. پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پروپاگەندەی سیاسی لێك جیا بکرێنەوە و دەست نیشان بکرێن، تا هەر دیاردەیەك لە شوێنی خۆیدا باسی لێوە بکرێت و قورسایی خۆی پێبدرێت. ئەم دوو خاڵە بریتین لە:

١ـ پرۆژەی خزمەتگوزاریی گشتی کە لایەن حکوومەتەوە بەڕێوەدەچێت.
٢ـ ئەو پروپاگەندە سیاسییەی کە حکوومەت بۆ خۆی دەکات.

بۆ گەیاندنی ئەم زانیارییانە و لێك جیا کردنەوەیان، پێویستی بە پەیامنێری گەلێك وشیار و وردەوە هەیە، کە بەباشی شارەزای یاساکانی حکوومەت، پەرلەمان، سیاسەت و یاساکانی هەڵبژاردن بێت، تا پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا بە ناوی پروپاگەندەی حکوومی بڵاو نەکرێنەوە، هەروەها پێچەوانەکەشی ڕوو نەدات.

## حزبە سیاسییەکان و هەڵمەتی هەڵبژاردن

لەسەر بنەمای پرۆژە و دروشمی کیانە سیاسییەکان، هەروەها کاروچالاکییەکانی پارتی و گرووپەکانی دەسەڵاتدارە کە دەنگدەران لە ڕەوتێکی دیموکراتیکدا بڕیار دەدەن کە دەنگ



بە کێ بدەن. ئەمەش ئەو ڕێگەیەیە کە هێزێکی سیاسی بەدەسەڵات دەگەیێنێت. هەر لێرەدایە کە هاووڵاتیان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن.

لەم ڕەوتەدا گەلێك گرینگە کە گرووپە سیاسییەکان بەو پەڕی ڕوونییەوە، باس لە پلانی داهاتوویان بکەن، کە کاتێ بەدەسەڵات گەیشتن، چ بەرنامە و پلانێکیان بۆ داهاتووی وڵات هەیە. لەم سۆنگەیەوە، خاڵی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە لیست یان پاڵێوراو لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، زۆرترین قورسایی بەو پلانە و پرۆژانە بدات کە سێرە لە داهاتوو دەگرن. کەمترین قورساییش بەو بەشە بدات، کە باس و ڕەخنەکانی ئاڕاستەی خەنیمەکانی خۆی دەکات. سەرەکیترین لایەنی ئەرێنیی هەڵبژاردنیش ئەوەیە، کە لیست یان پارتییەکی سیاسی بە هاووڵاتیان ڕابگەیێنێت، کە چی دەوێت و لە کاتی گەیشتن بە دەسەڵاتیش، بە بەڵێنەکانی خۆی وەفادار دەبێت.

ئەم بابەتە نەك تەنیا بۆ هاووڵاتیان، بەڵکو بۆ ڕاگەیاندنیش گرینگە، ئەگەر بخوازێت ڕۆڵی ئەرێنی خۆی بگێڕێت. ئەویش کاکڵی ئەو پەیامانەن کە پێناسەی لیست و پاڵێوراوەکانن. گەر ڕاگەیاندنەکان قورسایی کاری خۆیان لەسەر ناکۆکی نێوان لیست و گرووپەکاندا چڕ بکەنەوە، زەبر لە هەڵبژاردن و ڕەوتەکەی دەدەن، هەروەها پرۆسەی هەڵبژاردنیش بەلاڕێدا دەبەن.

هەڵبژاردن کە ڕەوتێکی دیموکراتیك و مەدەنییانەیە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ئەمە لە پاڵێوراوان و راگەیاندن دەخوازێت کە بیر لە هەر چەشنە پەیامێك بکەنەوە کە دەیڵێن و دەینووسن. پرۆسەی هەڵبژاردن ڕەوتێکی هەستیار و ناسکە و دەبێ دوور بێت لە هەر چەشنە ئاژاوە، نابەرپرسیاریەتی و شێواندن. بەشداریکردنی بەرفراوانی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردندا و بوونی ئەم بەشدارییە وەکو کولتوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی هێمنانە، بۆ ڕاگەیاندنیش کارێکی ئەرێنییە، چونکە سەرەکیترین بەرژەوەندیی ڕۆژنامەوانان، لە بەدیموکراتیکردنی وڵاتدایە.

دەبێ دەرفەتێکی لەبار بۆ هاووڵاتیان بڕەخسێندرێت، تا لە رەوتێکی دیموکراتیك و بەڕێگەی دەنگدانەوە متمانە بە دەسەڵاتی داهاتوو بدەن. ئەم دۆخە کۆمەڵگەیەکی بەهێز، ئازادییەکی بەرفراوان و پلەی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بەرزتر دەکاتەوە.

## دەسەڵاتی چوارەم؛ ماف، ئەرك و پێكهاتەكانی

دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ئەگەر كاری دانان و پەسندكردنی كۆمەڵێك یاسایە بۆ كۆمەڵگا، واتە فۆرمدان بە ژیانی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگایە، دەسەڵاتی جێبەجێكردن واتە (حكوومەت) ئەو بڕیارانە بە گشت وردەكارییەكانییەوە بەڕێوە دەبات. دەسەڵاتی دادوەریش ئەمانە دەخاتە خانەی داد و یاساییەوە. دەبینین لێرەدا سێ هێز كە خاوەنی دەسەڵاتن، هاوكات كە دەبێ سەربەخۆ بن، پێویستە هاوكاری و هەماهەنگی لە نێوان خۆیاندا دروست بكەن، تا گەندەڵی دروست نەبێت. هەر دەسەڵاتێك پێویستە لە یاسای گشتیی وڵاتدا ڕێوشوێنی یاسایی بۆ دیاری بكرێت، هاوكاتیش سنووركانیان دیاری كرا بن. یانی لە یاسای بەڕێوەبەریی وڵاتدا دیاریكرابێت كە ئەم هێزانە دەتوانن چی بكەن و چی نەكەن. كۆمەڵناسان ئەم دابەشینە لە دەسەڵاتدا، بۆ تێڕوانینەكانی مۆنتێسكیۆ دەگەڕێننەوە.

بۆ گەیاندنی كاروكردەوەكانی ئەم سێ دەسەڵاتە، هەروەها بۆئەوەی هاووڵاتیان ئاگاداری كردەوە و پلانەكانی حكوومەتی خۆیان بن، دەبێ میكانیزمێكی گواستنەوە بۆ ئەم چالاكییانە هەبێت تا هاووڵاتیان ئاگادار بكرێنەوە. لێرەدایە كە دەسەڵاتێكی تر لەدایك دەبێت، كە بە دەسەڵاتی چوارم ناوی دەبرێت.

لە لایەكی تریشەوە ئەگەر پەرلەمان كارەكانی خۆی بەباشی بەڕێوە نەبات و بڕیارەكانی لەگەڵ بارودۆخی كۆمەڵگادا نەگونجێن، ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە بەرامبەر كارەكانی خۆیدا بەرپرس نەبێت و لە بەرامبەر هاووڵاتیانیشدا وڵامدەرەوە نەبێت، ئەگەر دەسەڵاتی دادوەریش لە ژێر كارتێكەریی حكومەتدا بێت و دادوەر نەبێت، چۆن هاووڵاتیان بتوانن لەم هەموو كێشە گرینگ و چارەنووسسازانە ئاگادار ببنەوە. لەبەر ئەوە بۆ پێداچوونەوە و ئاگادار كردنەوەی هاووڵاتیان لە كار و پڕۆژەكانی حكوومەت، دەسەڵاتێكی تر پێویستە. لێرەدا كە باس لە دەسەڵاتی چوارەم



دەكرێت، باس لە بیروڕاكانی (ئێدمۆند بێرك)ی بەریتانیایی دەكرێت. ئەو پێی وابوو، "ئەم دەسەڵاتە لە دەسەڵاتەكانی تر گرینگترە." واتە دەسەڵاتێك كە ئاڵقەی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان بێت.

دابەشكردنی دەوڵەت بەسەر سێ یان چوار دەسەڵات، دەگەڕێتەوە سەر شێوەی دروستكردنی دەوڵەت لە وڵاتێكی دیاریكراودا. لە ئەمریكا و بەریتانیادا باس لە چوار دەسەڵات دەكرێت. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا باس لە دەسەڵاتی چوارەم دەكرێت، بەڵام لە سكاندیناڤیادا باس لە سێ دەسەڵات دەكرێت.

ئەم دەسەڵاتە، واتە دەسەڵاتی چوارەم، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتییە. ڕاگەیاندنی گشتی بۆوەی بتوانێت ئەركەكانی خۆی بەڕێوەبەرێت، دەبێ ئازادیی دەربڕین و نووسینی بۆ دابین بكرێت. ئەم دابینكردنەش تەنیا یەك ڕێگای هەیە، ئەویش لە یاسای گشتی واتە لە قانوونی ئەساسیدا بە ڕوونی و بە وردی گەڵاڵە كرا بن.

واتە ئازادیی گەیاندنی زانیاری (بەیاساییكردنی زانیاری بۆ گواستنەوە) كە چۆن لە نێوان حكوومەت و هاووڵاتیاندا دەستاودەست بكرێت. ئەم یاسایە هاوكات كە ئاسانكاری بۆ ئامرازی ڕاگەیاندن دێنێتە كایەوە، پێكهاتەكانی دەسەڵاتی چوارەم لە هەڕەشە بۆ سەر ڕۆژنامەوانان دەپارێزێت و لە سانسۆریش ڕزگاریان دەكات. دەنا ناكرێت چاوەڕوانی لە دەسەڵاتی چوارەم بكرێت، كە زانیاری، دەنگوباس و ڕاپۆرت بە هاووڵاتیان بگەیێنێت.

### چەشنەكانی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی

ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، بەسەر دوو چەشندا دابەشدەكرێن.

١ـ **ئامرازی نەریتی (كلاسیك)** وەكو چاپەمەنی (ڕۆژنامە، گۆڤار، كتێب و بڵاڤۆك)، هەروەها كەرەسەی دەنگ و ڕەنگ یان دەنگەوەری گشتی، وەكو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

**۲ـ ئامرازی نوێ**

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتاکانی نەوەدی سەدەی ڕابردوودا، بە هۆی شۆڕشی تێکنۆلۆژییەوە لە بواری ڕاگەیاندن کە بە تەقینەوەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی ناوی دەرکردووە، ئینترنێت و سەتەلایت ئالوگۆڕێکی قووڵیان لە جیهانی گەیاندنی زانیاریدا هێنایە کایەوە. ئینترنێت، سەتەلایت و تەلەفۆنی دەستی (مۆبایل) کەرەسەی نوێن، لە بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردندا.

## پێکهاتەکانی دەسەڵاتی چوارەم

**۱ـ ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی**

"ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، ناوێکی هاوبەشی کۆمەڵە کەرەسەیەکە، کە لانیکەم بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە یەك کاتدا، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و سەرگەرمی بەکاردەهێندرێت." تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، چاپەمەنی و ئینترنێت، هەندێك لەو کەرەسانەن. تەنانەت دەکرێت تەلەفۆنی دەستی (مۆبایل) کتێب، سی دی و فیلمیش بە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی ناودێر بکرێن.

ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، دوو ئەرکی گرنگی هەیە. یەکەم ئەوەیە، دەنگوباس و زانیاری بە ڕێگای چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینترنێتەوە بڵاودەکاتەوە. ئەرکی دووەم، بریتییە لە سەرگەرمی. فیلمی سینەمایی، مۆسیقا و گۆرانی، هەروەها ڕۆژنامە و گۆڤاری کاریکاتۆری، هەندێك نموونەن لەم بوارەدا.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەشێك لە خەڵك پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا هەیە، تا لەگەڵ دۆست و ناسیارەکانیاندا. "تاکێکی ئاسایی لانیکەم لە ڕۆژدا، شەش سەعات پەیوەندی لەگەڵ چەشنەکانی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا دەگرێت. ئەمە لە ساڵێکدا دەکاتە ١٣١٤٠٠ دەقیقە، کە دەبێتە ٢٥٪ی ژیانی تاك لە ساڵدا." (ئاماری ساڵی ٢٠٠١ ـ نموونەی ژیانی هاوولاتیانی ئەورووپاییە.)



ئەو دیمەن و زانیارییانەی کە ئێمە لە جیهانی دەوروبەر هەمانە، بەشێکی زۆری هی ئەوەیە کە بەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتییەوە بۆمان دروست دەبێت و پێماندەگات. بەشێك لەو کارناسانەی کە توێژینەوە لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و کارتێکەری ئەو کەرەسانە لەسەر ئێمەدا دەکەن، لەسەر ئەو بڕوایەن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی، کارێکی وایانکردووە کە جهان بچووك ببێتەوە.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی وەکوو تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ئینترنێت، ڕۆژنامە و ئامرازەکانی شەخسی وەکوو تەلەفۆن، پۆستی ئێلکترۆنی و فاکس، کارێکی وادەکەن کە "پەیامێك لە سووچێکی تری تۆپی زەوییەوە، لە چرکەیەکدا بە ئێمە بگات." ئەمەش ئاساییە، کە بەڕێگای پەیامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتییەوە سەبارەت بە ڕووداوێکەوە کە تا ئێستا زانیارییەکی فرەمان دەربارەیدا نەبووە، بکەوینە ژێر کارتێکەری ئەم ئامرازانەوە.

ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، بە هۆی ڕاپۆرت و دەنگوباسەکانیەوە لە ڕووداوەکان، "جیهانی زەینی ئێمە شکڵ دەدەن،" بەڵام ئەو وێنەیەی کە ئەم ئامرازانە لە زەینی ئێمەدا دروستی دەکەن، ئایا ئەمە ڕاستیی ڕووداوەکانن؟ ئەوەمان لەبیرمان نەچێت، ڕاستییەکان هەمیشە ئەوە نین، کە لە تەلەفزیۆندا نیشان دەدرێن، لە ڕادیۆدا بڵاودەکرێنەوە و لە چاپەمەنییەکاندا دەنووسرێن. پێویستە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەو پەیامانە بکەین، کە بەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتییەوە پێمان دەگەن. گشتی ئەمانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێدرا، کۆمەڵە کەرەسەیەکن بۆ ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن، کە لە لایەن هاوکێشەی مرۆڤییەوە بەڕێوەدەچن. ئەم هاوکێشەیە لە جیهانی ڕاگەیاندندا، بە ڕۆژنامەوان ناودێر کراوە.

**۲ـ ڕۆژنامەوانی**

ڕۆژنامەوانی، بریتییە لە کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر بەڵگە، زانیاری و دەنگوباس و بڵاوکردنەوەیان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا.

ئەمە بریتییە لە، گواستنەوەی بێلایەنانە و لایەنگری نەکردن لەو دەنگوباس و زانیارییانەی کە بڵاودەکرێنەوە، هەروەها هێنانە گۆڕێی بیروڕا و بۆچوونی جیاواز لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا. ئەم دوو تایبەتمەندییە دوو کارکردی سەرەکیی ڕۆژنامەوانین. ئەم بۆچوونە دوو دیاردەی هاوشانی بێلایەنی و گشتلایەنی تێدایە. ئەم دوو واتایە، (بێلایەنی و گشتلایەنی) دوو کۆڵەکەی ڕۆژنامەوانیی پرۆفشیۆناڵن.

مەبەست لە بێلایەنی ئەوەیە کە ڕۆژنامەوان بەبێ ئەوەی دەسکاری زانیاری و دەنگوباس بکات، پێویستە بەبێ ئەوەی لاگیری یان دژ بێت، ڕووداو یا زانیارییەکە بڵاو بکاتەوە. گشتلایەنی ئەوەیە کە بیروڕای جیاواز بکاتە ناواخنی بابەت و ڕاپۆرتەکەی، بۆئەوەیکە بتوانێت وێنەیەکی تەواو و ماقووڵ لە ڕووداوەکە بگوێزێتەوە. "وێنەیەکی چرکەیی" لە ڕووداو، بەڵام لە قەبارەیەکی ڕێکوپێکدا.

خاڵی تر کە لە دەڤەری ئێمەدا دەبێ بە جددی ڕەچاو بکرێت، زمانی گەیاندن و سادەنووسینە. بەباتەکە هەرچەندە قورس بیت، دەبێت بە زمانێکی ڕەوان بنووسرێتەوە. واتە ئەمە ئەرکی ڕۆژنامەوانە کە قورسیی دیاردەکە بە زمانێکی ڕەوان بە هاووڵاتیان بگەیێنێت. قورسیی بابەتەکە بەشی ڕۆژنامەوانە، بەڵام سادەکردنەوە و ڕەوانووسینەکە بۆ خوێنەرە. شارەزاییەکی تەواو لە زمانی کوردیدا، هەروەها چۆنیەتی دەربڕین لە نووسیندا، مەرجێکی گەلێك گرینگە. وشەدانێکی دەوڵەمەند لە مەیدانی زماندا، کێش و متمانە بە ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەوانی دەدات.

کاری ڕۆژنامەوانی ئەوە نییە کە ڕێگای چۆنیەتی بیرکردنەوە بە هاووڵاتیان نیشان بدات و بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراودا ڕێنوێنیان بکات، یان بەجێگەی هاووڵاتیان بیر بکاتەوە. ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی لە وڵاتی ئێمەدا، ماقووڵ نییە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن یان حزبێکی سیاسی بگێڕێت، بەڵکو پێویستە دەورێکی گەلێك ئەرێنی لە بڵاوکردنەوەی و زانیاری (دەنگوباس، ڕاپۆرت و وتاری خەبەری)دا بگێڕێت. ئەوە هاووڵاتیانن، کە خۆیان بیر دەکەنەوە و بڕیار بەدەستی ئەوانە.



لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە سەرەکیترین ئەرك لە کاری ڕۆژنامەوانیدا بریتییە لە چاودێریکردن، پێداچوونەوە و کۆنترۆڵکردنی کار و کردەوەی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی حکوومییە، بۆوەی لەبەرامبەر هاووڵاتیاندا وەڵامدەرەوە بن و لەبەرامبەر کارەکانیاندا بەرپرس بن. ئەمە یەکێك لە قورسترین کارەکانی ڕۆژنامەوانییە و وردبوونەوەیەکی جددی گەرەکە، کە چۆن بتوانرێت بەبێ دەستێوەردان و کەمکردنەوەی زانیاری کە لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانییەوە ڕادەگەیێندرێن، بە هاووڵاتیان بگات.

گواستنەوەی بێلایەنانە و لایەنگری نەکردن لەو دەنگوباس و زانیارییانەی کە بڵاودەکرێنەوە، هێنانە گۆڕێی بیروڕا و بۆچوونی جیاواز لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا، هەروەها تەواوکەری ئەم دوو پێودانگەش، زمانی نووسین و چۆنیەتی گەیاندنە. بەڕێگەی ئەم سێ پێوەرەیە کە ڕۆژنامەوانیی هەڵدەسەنگێندرێت.

### ٣ـ ڕۆژنامەوان

بە پێی پێوەری باو لە ناو جیهانی ڕۆژنامەگەریدا، ئەو کەسەی کە کار لەسەر ڕووداو، بەڵگە و زانیاری دەکات و بیروڕای جیاواز سەبارەت بە ڕووداوێك کۆدەکاتەوە و لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا بڵاویان دەکاتەوە، ڕۆژنامەوانی پێ دەڵێن. دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەیری ئەم واتایە بکرێت. یەکەم، ڕۆژنامەوان زانیاریی جۆراوجۆر و دەنگوباس کۆ دەکاتەوە و لە یەکێك لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا بڵاویان دەکاتەوە. دووەم، بەڕێگەی ئەم کارکردنەیە کە مووچەی بژێوی خۆی دابین دەکات.

ڕۆژنامەوان کەسێکە کە دەبێ شارەزاییەکی باشی لە پیشەکەی خۆیدا هەبێت، بەڵام ئەم پیشەیەش بە گوێرەی بابەتەکانی ناو کۆمەڵگە و سروشتدا پۆلێن دەکرێن. بەهەر حاڵ لێك جیاکردنەوەی بابەتەکان هیچ شتێك لەم دیاردەیە ناگۆڕێت، کە ڕۆژنامەوان شارەزا نەبێت، چونکە دابەشکردنی دیاردەکان بەسەر بابەت و واتای جۆراوجۆردا، ڕۆژنامەوانانیش پیشەیی و پۆلێن دەکات.

کارامەیی و لێوەشاوەیی ڕۆژنامەوان ئەوەیە کە لەو بوارەی کاری تێدا دەکات، دەبێ ئەوەندە زانیاری بەسەر دیاردەی مەبەستدا هەبێت، کە بتوانێت بێلایەنانە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی گشتگر مەبەستەکەی بە زمانێکی سادە، ڕەوان و بەڕێنووسێکی ڕێکوپێك، بەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ هاووڵاتیانی بگوێزێتەوە. شارەزایی، بێلایەنی و دەوڵەمەندیی لە زماندا، سێ تایبەتمەندی هەرە سەرەکین کە هەر ڕۆژنامەوانێك دەبێ هەیبێت. ئاشکرایە کە کاری ڕۆژنامەوان گەیاندنی زانیارییە، ئەویش بەبێ ئەوەی لێی کەم یان زیاد بکات، هەروەها بە پێی نەریتی ڕۆژنامەوانیی، دەبێ بە ئەخلاقێکی بەرزەوە ڕاگەیێنەری زانیاری بێت.

## تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەوانان

پێویستە ڕۆژنامەوان لە زۆربەی بوارەکاندا زانیاری گشتی هەبێت، هەروەها خاوەنی توانایی لە لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن و شیتەڵکردندا هەبێت.

- دۆزینەوەی زانیاری یان نووسینەوەی هەواڵێك، کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خوێنەر و خولقاندنی حەز بۆ خوێندنەوە لە لایەن خوێنەرەوە.

- کۆکردنەوەی زۆربەی بابەت و زانیارییەکان بە مەبەستی ڕاگەیاندن و گەڵاڵەکردنیان بە باشترین شێوە.

لە کۆتاییدا دوو چەمکی سەرەکی هەن (زمان؛ حەز بۆ باشتر فێربوونی و حەز و داخوازیی هاووڵاتیان) کە دەتوانن یارمەتییەکی باش بە سەرکەوتنی ڕۆژنامەوان لە کۆمەڵگەدا بدەن، ئەگەر بێتوو ڕەچاویان بکات.

زمان: حەز بۆ باشتر فێربوونی. ئەمەیان گەورەترین چەکی ڕۆژنامەوان و کەرەسەی کاریەتی و دەبێ ئاگاداری گشت ئاڵوگۆڕ و وشە نوێیەکانی ئەو زمانە بێت کە کاری پێدەکات و هەر بە ڕێگای ئەویشەوە، زانیاری، دەنگوباس و ڕووداوەکان بە هاووڵاتیان دەگەیێنێت. پێویستە ڕۆژنامەوان بە زمانێکی ڕێکوپێك، سادە و ڕەوان بپەیڤێت و بنووسێت. دەبێ خاوەنی وشەدانێکی دەوڵەمەند بێت، هەروەها باشترە کورتنووسیش بێت.



حەز و داخوازیی هاووڵاتیان. ڕۆژنامەوان کار لەسەر ڕووداو، بەڵگە و زانیاری دەکات و بیروڕای جیاواز سەبارەت بە ڕووداوێك کۆدەکاتەوە. ئەمانەی کە ئاماژەیان پێکرا، گشتیان پەیوەندییان بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە. لە ناو خەڵکدا بوون، سەرنجدان بە ژیانی خەڵك و تێگەییشتن لە هاووڵاتیان، بەشێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەوانانە. بەڵام ئینترنێت کارتێکەری لەسەر ڕەوتی کارکردنی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانان کردووە. ڕۆژنامەوان، بەشێکی بەرچاو لە کارەکانی بە ڕێگای ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکانەوە دابین دەکات. ئەمەش شێوەیەکی نوێیە لە ڕۆژنامەوانی.

## ئەرکەکانی دەسەڵاتی چوارەم

ڕۆژنامەوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی، دوو کارکردی گرینگی هەیە. ئەم دوو ئەرکەش یارمەتی بە سەقامگیری سیاسی و بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگە دەدەن. بۆئەوەی ڕۆژنامەوان بتوانێت لەبەجێگەیاندنی ئەم دوو ئەرکەدا سەرکەوتوو بێت، دەبێ شارەزاییەکی باشی لە سیستەمی سیاسیی وڵات، پەرلەمان، هەروەها لە کاروباری دامەزراوە حکوومییەکان و یاساکانی وڵاتدا هەبێت. ئەم دوو ئەرکە بریتین لە:

**١ـ چاودێریکردن، پێداچوونەوە و کۆنتڕۆڵکردنی کاروکردەوەکانی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی حکوومی، بۆوەی لەبەرامبەر هاووڵاتیاندا وڵامدەرەوە بن و لەبەرامبەر کارەکانیاندا بەرپرس بن.**

ئەمە یەکێك لە سەرەکیترین و قورسترین کاری ڕۆژنامەوانییە و وردبوونەوەیەکی جددی گەرەکە، کە چۆن بتوانێت بەبێ دەستێوەردان و کەمکردنەوە، زانیاری لە لایەن حکوومەتەوە بە هاووڵاتیان بگەیێنێت. گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە دامودەزگا حکوومییەکان بە پێی ئەوەی لە هەڵبژاردندا بە دەنگی هاووڵاتیان بەدەسەڵات گەیشتوون، مافی دانیشتوانی کۆمەڵگەیە.

ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بە ئەخلاقێکی بەرزی ڕۆژنامەوانییەوە یارمەتی حکومەت دەدات تا لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا وەڵامدەرەوە بێت، هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆئەوەی کە یاساکان لە کۆمەڵگەدا بە باشی بەڕێوە بچن. شکڵدان بە دەوڵەتی یاسا لە کۆمەڵگادا، ئەرکێکی قورسی ڕۆژنامەوانییە. لەم دۆخەدا، ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوان دەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بۆ سەقامگیری ئاسایش لە کۆمەڵگادا بن. دوو چەمکی بەرپرسبوون و وەڵامدەرەوەبوون، بڕبڕەی پشتی دەوڵەتێکی دیموکراتیکن. حکومەت هاوکات کە بەرپرسە لەبەرامبەر کارەکانی خۆیدا، وەڵامدەرەوەشە لەبەرامبەر هاووڵاتیاندا.

**٢ـ ڕاهێنانی هاووڵاتیان کە چۆن بتوانن بڕیاری سیاسی بدەن.** ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی دەتوانێت گەورەترین ڕۆڵ لە بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگادا بگێڕێت، بەو مەرجەی لە دانی زانیاریدا بە ڕێکوپێکی و تێروتەسەل کار بکات. هاووڵاتیان لە کاروبار و بڕیارەکانی حکومەت ئاگادار بکاتەوە، هەروەها بەبێ کەم و زیادکردن بیروڕای هاووڵاتیانیش بە ڕێگەی ئەو ئامرازانەی کە کاریان تێدا دەکات بە حکومەت ڕابگەیێنێتەوە. ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، ئاڵقەی نێوان حکوومەت (دەسەڵات) و هاووڵاتیانە. ڕۆژنامەوانیی دەتوانێت کەشوهەوایەکی هێمنانە و ئارام لە کۆمەڵگەدا بخوڵقێنێت، کە گشت پرس و کێشەکان لە کۆڵانێکی ئەقڵانییەوە دەرباز بن. ئەمەش بوارێك دێنێتەکایەوە، کە کۆمەڵگە لەگەڵ خۆیدا بپەیڤێت. متمانەی زیاتر، ئاسایشی زیاتری بەدواوەیە!



## دەسەڵاتی چوارەم” ڕۆڵی لە گەشەسەندنی دیموکراسیدا

بۆئەوەی زانیاری بە دەست هاووڵاتیان بگات، دەبێ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی (چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت و ئاژانسە هەواڵدەرییەکان) بزانن، کە دەوڵەت و دامەزراوەکانی چۆن کار دەکەن و پلان و پرۆژەکانیان چۆن بەڕێوە دەبەن. سەرەکیترین کارکردی دەسەڵاتی چوارەم ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی یاسایی دەستی بە زانیاری لە ناو دامەزراوە حکومییەکان ڕابگات، هەروەها ئەو زانیارییانەی کە وەدەستیان دێنێت، بە گوێرەی پێودانگ و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی بە هاووڵاتیانی بگەیێنێت.

بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەش یەك مەرجی سەرەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە لە یاسای گشتی وڵاتدا جەخت لەسەر بەیاساییکردنی دەستاوەدەستکردنی زانیاری کرابێت. دەبێ پشتیوانەی یاسایی بۆ گەیاندنی زانیاری بە ڕێگای ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتییەوە بە هاووڵاتیان هەبێت، تا دەسەڵاتی چوارەم بوونی خۆی بسەلمێنێت.

ئەرکی بنەڕەتیی دەسەڵاتی چوارەم لە جوگرافیای نەتەوەییدا ئەوەیە، کە کار و چالاکییەکانی ئەم سێ دەسەڵاتە، (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) بۆ هاووڵاتیان بگوێزێتەوە. لە بواری ناوچەیی و جیهانیشەوە دەنگوباس، ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەی کە ڕوودەدەن جا چ بەشێوەی دەنگوباس یان بەشێوەی ڕاپۆرت بێت، پێویستە بەشێوەیەکی خێرا و بێلایەن بە هاووڵاتیانی بگەیێنێت.

بەڕێگای دەسەڵاتی چوارەمەوەیە کە هاووڵاتیان لە کار و کردەوەکانی حکومەتی خۆیان ئاگادار دەبنەوە. بڵاوکردنەوەی دەنگوباس، نووسینی ڕاپۆرت و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکان کە گشتیان دەچنە خانەی زانیارییەوە، کۆی ئەرك و کارکردی دەسەڵاتی چوارەم یان سێیەم پێکدێنن.

### ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی لە سەردەمی ئێستادا (فڕینی وشە، وێنە و دەنگ)

شۆڕشی دیجیتالی (هاتنە کایەی ئینترنێت و سەتەلایت) ناوەڕۆك و کارکردی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی تووشی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی کردووە. ئەم ئاڵوگۆڕە لە هێڵی سەرەکیدا، سنووری نەتەوەیی بەزاندووە. ئەمڕۆکە لە هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتییەك کە دەستی بە ئینترنێت ڕادەگات و خاوەنی تەلەفزیۆنە، بۆتە خێوی جیهانێك لە زانیاری کە مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستا شتێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەم تەقینەوەیە کارێکی وای کردووە، کە لە داهاتوودا هەر هاووڵاتییەك دەتوانێت ببێتە ڕۆژنامەوانی خۆی.

شۆڕشی دیجیتالی، ڕەوتی دەستاودەستکردنی زانیاری بەشێوەیەکی دیموکراتیك هێناوەتە کایەوە. بە هۆی زیادبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی، هاووڵاتیان ئەو دەرفەتەیان بۆ هاتۆتە ئاراوە، کە بەگوێرەی پێویست و بەرژەوەندی خۆیانەوە کەناڵ و ڕایەڵەی دەنگوباسی تایبەت بەخۆ هەڵبژێرن.

بوونی کەناڵ و ڕایەڵەی جۆراوجۆر و بەهێزی ڕاگەیاندنی بیانی کە ئەمڕۆکە ئاسمانی هەرێمی کوردستانیشیان داگیر کردووە، جاڕی بینەرڕاکێش لێدەدەن و کەناڵە کوردییەکانیان بۆ مەیدانی ململانێی ڕاگەیاندن ڕاکێش کردووە. ئەمە ئەم مێلۆدیایەیە کە بێشك کار لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین و بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا دەکات. خۆ نەگەنجاندن لەگەڵ ئەم دۆخە، کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیی بەجیهانبووە، دەتوانێت ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم تووشی تەنگانە بکەن. لەم بوارەدا، سنووری نەتەوەیی مانایەکی ئەوتۆی نەماوە!



## دەسەڵاتی چوارەم“ ڕەخنە، پروپاگەندە و زانیاری گەیاندن

دیاردەکانی (ڕەخنە، پروپاگەندە و زانیاری گەیاندن) هەمیشە لەو بابەتە پڕ لە کێشانە بوونە کە ئاخۆ دەبێ چەندە شوێنیان لە دەسەڵاتی چوارەمدا پێبدرێت. ئایا پروپاگەندە و ڕەخنە دەبێ کاری دەسەڵاتی چوارەم بێت، یان گەیاندنی زانیاری و ڕاپۆرتی ڕەخنەیی، ئەرکی ئەم دەسەڵاتەیە؟

لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا ئەم بابەتە بە شێوەیەکی روون و لە ڕوانگەی تیئۆرییەوە شوێنێکی ئەوتۆی لە ڕاگەیاندندا پێنەدراوە، کە پێودانگێك بۆ کاری دەنگەوەرە گشتییەکان و چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات.

بە هۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندنی کوردستانی عێراق بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە خەبات بە دژی ڕژێمی سەددام و ڕژێمەکانی پێشووتردا بوو، سروشتێکی بەهێزی لە ڕاگەیاندنی ئەزموونی و خۆڕسك، لەقاودەر، لایەنگر و شۆڕشگێڕدا هەیە. ئەم سروشتەش کارێکی وایکردووە، کە تائێستاش بە تەواوەتی سنوورێکی ڕوون و ڕۆژنامەوانیی لەم بوارەدا بەدی نەکرێت. بەهەر حاڵ دوو دیاردەی (ڕەخنە و پروپاگەندە) کە هەروا بەردەوامن، تا ڕادەیەك تارماییيان خستۆتە سەر دیاردەی زانیاری، هەروەها نامۆییش سەبارەت بە زانیاری لە ڕاگەیاندنەکاندا تا ڕادەیەك بەرچاو دەکەوێت.

دوو چەشنە ڕاگەیاندنی حزبی کە ڕەسمییە و "ئەهلی"ش کە "ڕەخنەگر" و "لەقاودەر"ە، دوو ئاقاری گەلێك جیاوازن کە تا ڕادەیەك ڕۆڵیان لە بەرگرتن بە دەوری زانیاری وەکو هێڵی سەرەکی لە ناو ڕاگەیاندندا هەبووە و هەیە. ڕاگەیاندنی ڕەسمی (حزبی) ئەو ڕاگەیاندنەیە، کە جیا لەوەی لێرە و لەوێ زانیاری بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بڵاو دەکاتەوە، بەشێکی زۆر لە ڕاپۆرت و بابەتەکان، تەنانەت هەندێك لەو هەواڵانەی کە پەیوەندییان بە وڵاتانی دەوروبەری هەرێمەوە هەیە، لە ژێر ناوی "ئاسایشی نەتەوەیی" و

"بەرژەوەندی هەرێم"ەوە بڵاو ناکرێنەوە. ڕاگەیاندنی "ڕەسمی" بڕیاردەدات کە هاوولاتیان دەبێ چۆن بیر بکەنەوە.

چاپەمەنییە "ئەهلی"یەکانیش کە هێڵی سەرەکییان لە کاری ڕاگەیاندندا بۆتە "لەقاودان" و "ڕەخنەگرتن" ڕۆڵی گەلێك لاوازیان بە گەیاندنی زانیاری داوە و هاوولاتیانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو لە وەرگرتنی زانیاری بێبەش کردووە. ڕاگەیاندنی "ئەهلی"ش لە جیاتی هاوولاتیان بیر دەکاتەوە.

## ڕەخنە و ڕەخنەگرتن

یەکەمین جار یۆنانییەکان ئەم زاراوەیان (ڕەخنە) داهێنا، کە بە زمانی یۆنانی پێیدەڵێن (کریتیکۆیێ) واتە هونەری هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە. یۆنانییەکان لەسەر ئەو ڕایە بوون کە لە سەرەتادا دەبێ دیاردەیەك بخوێندرێتەوە و دوایی لەبەر یەك هەڵبوەشێندرێتەوە، بۆئەوەی دەرفەت هەبێت کە گشت پێکهاتەکانی ئەم دیاردەیە ببینرێن تا مەودای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بێتە کایەوە. کاتێك هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەکە کۆتایی پێهات، جارێکی تر پێکهاتەکان وەسەریەك بخرێنەوە. لەم قۆناغەدایە کە کەموکوڕی و خەوشەکان بەدی دەکرێن. لێرەدا کۆبەندی ئەم ڕەوتە پێیدەگوترێت ڕەخنە یان "هونەری نرخاندن."

ڕەخنە لە تاك یا دامەزراوەیەك، بە مانای ئاماژە و جەختکردن لەسەر ناکارامەیی ئەو لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی دەژمێردرێت. بە بێ ئاماژە بە ناکارامەیی دامەزراوەیەك، هەروەها بەبێ بوونی ئامار و زانیاری، ڕەخنە هیچ مانایەکی نییە.

هێڵی سەرەکی لە ڕەخنەگرتندا، بۆ دەستنیشانکردنی خەوشەکانە، بۆئەوەیە تا کەموکوڕییەکان بەدی بکرێن و لە ڕەوتێکی ئەقڵانیدا جێگرێك بۆ ئەم خەوشانە بدۆزرێنەوە. ڕەخنەگرتن بۆ باشترکردنی دیاردە یان پرۆژەکانە کە ژیان لە کۆمەڵگەدا بەرەو باشتربوون ڕێنوێنی بکات.



## پروپاگەندە

ئامانجی پروپاگەندە ئەوەیە کە بەڕێگای چەندپاتبوونەوەی بابەتێك کار لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی هاوولاتیاندا بکات. ئەم کارەش دەکرێت بە هۆی وتاربێژی، وێنە، وتارنووسی، بینا، جلوبەرگ و سیمبۆلەکانی ترەوە بەڕێوە بچن. لە جیهان ئەمڕۆدا کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی خەریکە دەبێتە کەرەسەیەکی ئاسایی، بەڵام وەکو قرژاڵ بە دوو سەر دەڕوات، توانایەکی بەهێزی هەیە کە ئەرکی پروپاگەندە وەستۆی خۆی بگرێت. فەلسەفەی پروپاگەندە ئەوەیەك کە بە هەر شێوەیەك بێت بەر بە زەینی چالاك بکرێت تا خۆ لە قەرەی بیرکردنەوە و داهێنان نەدات. ناوەڕۆکی پروپاگەندە (سیاسی ـ ئایدۆلۆژیك) تاك هێڵەیە و هەوڵدەدات پەیاموەرگر بەرەو ئاقارێکی دیاریکراو ڕێنوێنی بکات.

لە مێژوودا ڕۆمییەکان بوون کە بە ڕێگای کۆشك و تەلار، هەروەها ئەرتەشێکی پۆشتە کە گلادیاتۆرەکان بە کێوێك لە ماسوولکەوە پێشەنگیان بوون، سەرنجی خەڵکی ئاساییان بەرەو دەسەڵاتی "لەبن نەهاتوو"ی ئیمپراتۆرەکان ڕادەکێشا. لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا، کەنیسەکان بە هۆی ئەوەی خاوەنی سامانێکی فرە و دەستڕۆیشتووبوون، هەروەها بینای لە ڕادەبەدەر زلی کەنیسەکانیان، ئەرکی پروپاگەندەیان لە ئەستۆدا بوو. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا مزگەوتەکان و خەلیفەکان بە هۆی ئەوەکە سامانێکی زۆریان لەبەر دەستدابوو و خاوەنی ئەرتەشێکی بەهێزبوون و ئایینیش کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دەوڵەت بوو، بینای زل و نەخش و نیگاری دیواری مزگەوتەکان بەشێك بوون لەو پروپاگەندەیە کە ئەرکی ڕاکێشان و داگیرکردنی زەینی هاوولاتیانی ئاساییان پێ سپێردرابوو. پێهەڵاگوتن چەمکێکی گرینگە لە پروپاگەندەدا.

## زانیاری

"زانیاری بریتییە لە کۆمەڵە ڕاگەیاندنێك، کە ناوئاخنەکەیان باس لە ڕوونکردنەوە، ڕاستکردنەوە، بیروڕا و بۆچوون، زانیاری سەبارەت سروشت و کۆمەڵگە، دەسەڵات، بڕیار و چۆنیەتیی بڕیاروەرگرتن، دەنگوباس، ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە، ڕەخنە، وێنە و ئامار،

هەروەها حەز و ئاواتەکان دەکەن." هەر بە ڕێگای زانیارییە کە هاووڵاتیان شارەزای کاروباری دەسەڵاتداران لە بواری ناوچەیی، سەرانسەری و جیهانی دەبنەوە.

زانیارییە کە دەرفەت بۆ بڕیاردان دێنێتە کایەوە و یارمەتی بە هاووڵاتیان دەدات، کە چۆن لە ڕەوتی هەر چەشنە هەڵبژاردن و بڕیاردانێکدا بەشدار بن. لەبەر ئەوە زانیاری گەلێك گرینگە، بەڵام زانستیبوون و وردیی لە کاری ڕاگەیاندندا، گرینگترە. زانیاری بە پێی سروشتی خۆی بێلایەنە و باس لە ناوەڕۆکی دیاردەکان دەکات، لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن سەیری بکرێت. دەڵێن "زانیاری خوێنێکی گەرمە کە لە ناو لەشی کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا لە هاتووچۆ دایە."

کاتێك ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بنەماکەی لەسەر گەیاندنی زانیاری دادەڕێژێت، ئەو ئەرکە گرینگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا بەڕێوەدەبات، کە لە جیاتی هاووڵاتیان و حکوومەت بیر نەکاتەوە، بەڵکوو کار و کردەوەکانی دەسەڵاتداران لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بە هاووڵاتیان بگەیێنێت و بیروبۆچوون و ڕای هاووڵاتیانیش بە دەسەڵات بدات. بەڕێوەچوونی ئەم ئەرکە ئەوە دەگەیێنێت، کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بۆی نییە بەجێگەی هاووڵاتیان بیر بکاتەوە، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێکی کراوە بێت تا حکوومەت و هاووڵاتیان تێیدا بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن.

جیاوازی لە نێوان زانیاری و دەنگوباس تا ڕادەیەك ناڕوونە. هەندێك زانیاری دەتوانن دەنگوباس نەبن. بەڵام ئەوەی گرینگە و دەبێ بزاندرێت، زانیارییە کە بواری "بڕیاردان لە ژیان"دا بۆ هاووڵاتیان دێنێتە کایەوە، هەروەها یارمەتیی "هەڵبژاردن" و "دیاریکردنی بەرژەوەندی" بە هاووڵاتیانیش دەدات. ئەم چەمکە گرینگە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتێکی دیموکراتیك، بەرپرس، وڵامدەرەوە و کراوەیە. دەستپێڕاگەیشتنی هاووڵاتیان بە زانیاری، هەروەها دەستاودەستکردنی زانیاریش بە شێوەیەکی ئازاد، خولقێنەری کەشوهەوایەکی ئازادە، کە لەوێدا دۆخێکی کراوە بۆ باس و لێدوان و لێك تێگەیشتن لە نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتدا دێنێتە کایەوە. بەم شێوەیە ئەندامانی کۆمەڵگە (حکوومەت، هاووڵاتیان و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی) لە کەشوهەوایەکی ژیرانە و ئاشتییانەدا پێکەوە دەپەیڤن.



## سانسۆر؛ ململانێ لە نێوان ڕادەربڕین و کپکردندا

سانسۆر (مقەستکردن) بریتییە لەوە کە پێش ئەوەی بابەتێك لە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینترنێت یان لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوبکرێتەوە، لە لایەن حکوومەت و دامەزراوەکانییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و دوا جاریش بەشێوەیەکی "دڵخواز بۆ دەسەڵات" بڵاو دەکرێتەوە.

کاتێك باس لە سانسۆر دەکرێت، دەبێ باس لە ئازادیی ڕاگەیاندن بە هەموو چەشنەکانیەوە بکرێت. ئاشکرایە کە دەسەڵات بە هۆی سانسۆرکردن دەخوازێت، ئازادییەکان سنووردار بکاتەوە، یان لە درێژخایەندا ئازادیی نووسین و پەیڤین کپ بکات تا کۆمەڵگە بۆ دەسەڵات وەکو "دورگەیەکی هێمن"ی لێ بێت.

ناکرێت لەم بوارەدا تەنیا باس لە سانسۆر و ڕاگەیاندن بکرێت، بەڵکو دەبێ باس لە دەسەڵاتیش بکرێت تا ئامانج و سنوورەکانی سانسۆرکردن بەدیار کەون. سانسۆرکردن یان بەرگرتن بەو زانیارییەی کە دەسەڵات پێی وایە بۆ هاووڵاتیان ناشێت، بە پێی "یاسا" یان بە گوێرەی "حەز" لە لایەن دامەزراوە حکوومییەکانەوە بەڕێوە دەچێت.

لە کۆمەڵگەی نەریتیی هەرێمی کوردستاندا، باس لە ئایین بۆتە "بڤە" و لە هەندێك بواریشدا وەدەستخستنی زانیاری سەبارەت بە حکوومەت و دامەزراوەکانی گەلێك زەحمەتە، ئەم سەختییەش بە هەر هۆیەك بێت، دەچێتە خانەی سانسۆرەوە. بە پێی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، ڕێژەی سانسۆر لە عێراق (59,36) لەسەد بووە. بەڵام لەم ئامارەدا ئاماژە بە هەرێمی کوردستان نەکراوە، کە ڕێژەی سانسۆر لەم وڵاتەدا دەبێ چەندە بێت؟

ئەمەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەی پێکرا، واتایەکی کۆنە لە کارکردی حکوومەتیی سانسۆر یان سانسۆری حکوومەتی، بەڵام لە هێڵی سەرەکیی خۆیدا تا ئێستا

گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر سانسۆردا نەهاتووە. تەقینەوەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی کە بە ئینتەرنێتەوە دەستی پێکرد، تا ڕادەیەك ناوەڕۆکی سانسۆری گۆڕیوە، هەروەها هەندێك لە ئەرکەکانی حکومەتیشی سەبارەت بە سانسۆر بۆ هەندێك شەریکەی زل گواستۆتەوە.

ئەمڕۆکە (www.google.com) کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەگەڵێدا ئاشنان، چەند ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی چین گەیشتە ئەو ڕێککەوتنە، کە هەندێك لەو زانیارییانەی بۆ دەسەلاتی کۆمۆنیستەکان لە وڵاتی چیندا "بڤەیە" سانسۆریان بکات تا هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەستیان پێڕانەگات. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی چین چەت ناخاتە بەر "بەرژەوەندیی" google لە وڵاتی خۆیدا! لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕێژەی سانسۆر لە چیندا (85,50) لەسەد ڕاگەیێندرا. دیارە کۆماری ئیسلامیش لە کاروانی مقەست بەدەستان بەجێی نەماوە و ڕێژەی سانسۆر لە ئێراندا (80,33) بووە!

## خۆسانسۆرکردن

خۆسانسۆری ئەوەیە، نووسەر یان ئامرازێکی ڕاگەیاندن کە تا ڕادەیەك شارەزای "هێڵە سوورەکانی حکومەت"ـە، سنوورکانی ئەم هێڵە نابەزێنێت. لێرەدا نووسەر خۆی سنوور بۆ بیرکردنەوەکانی خۆی دەستنیشان دەکات و لەگەڵ ئەقڵ و ئاواتەکانی خۆیدا دەکەوێتە ململانێیەکی دەروونییەوە. ئەگەر ڕەوتی "خۆسانسۆری" درێژەی هەبێت و حکومەت لە بواری گوشارهێناندا هەروا بەردەوام بێت، نووسەر لە قالب دەدرێت و ڕاستییەکان پێچەوانە نیشان دەدات یان بە نیوەچڵی و بە سەقەتی بڵاویان دەکاتەوە. یەکێك لە پاکانەکانی نووسەر بۆ ئەم کارەی ئەوەیە، "دەبێ ڕێز لە کۆمەڵگە بگیرێت." ململانێی دەروونی لە نێوان سانسۆر و ئەقڵدا، یەکێك لە مەترسییە هەرە گەورەکانە کە ناخی ئینسانەکان هەڵۆڵ دەکات.



## سانسۆری کۆمەڵایەتی جەماوەری

مەبەست لە سانسۆری کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە بە پێی یاسای نەنووسراو، بوارێکی بەرفراوان لە ژیانی هاووڵاتیان دەکەوێتە بەر شیری دامۆکلێسی سانسۆرەوە، کە دانیشتوانی وڵات وەکو هاوکێشە و بە گوێرەی داب، نەریت و ئایین دەوری سەرەکی تێدا دەگێڕن. نەتەوەیەك بۆ خۆی، خۆی سانسۆر دەکات!

خۆسانسۆری شێوازی جۆراوجۆری هەیە، یەکێك لەوانە ململانێی نێوان خۆشەویستی و توندوتیژییە. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی گەلێك بەرچاوە و کارێکی ڕۆژانەیە. لە ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکاندا، کاتێك دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیاندا سەیری فیلمێکی بیانی دەکەن، ئەگەر لە فیلمەکەدا بۆ ماوەی چەند چرکەیەك کچێك و کوڕێك یەکتر لە باوەش دەگرن و خۆشەویستیی خۆیان بە ڕێگای نزیکبوونی جەستەییەوە دەردەبڕن، باوك کە بەردەوام کۆنترۆلی بەدەستەوەیە، خێرا دیمەنەکە دەگۆڕێت. بەڵام کاتێك فیلمەکانی (جەکی چان، جەت لی و ستیڤێن سێگاڵ) کە توندوتیژییان بە ڕێگای تەکنۆلۆژیاوە گەیاندۆتە لووتکە، باوك لەگەڵ منداڵی پێنج یان شەش ساڵەکەیدا بێبڕانەوە و تا کۆتایی سەیری فیلمەکە دەکەن، بەبێ ئەوەی کەناڵەکە بگۆڕێت. لە چیرۆکی خۆسانسۆریدا، توندوتیژی جێ بە خۆشەویستی و هەست لەق دەکات!

سانسۆر چ لە لایەن حکومەت یان خۆسانسۆرکردنەوە بێت، پێنەگەییشتوویی و داخراوەیی کۆمەڵگەیەك دەگەیێنێت، کە نەیتوانیوە ئازادیی ڕادەربڕین جا چ بە نیوەچڵی بێت یان بەتەواوی، دابین بکات. سانسۆر کەرەسەیەکی بەهێزە کە حکومەت بۆ بەنهێنیکردنی بیروڕا و لاوازکردنی بەرهەڵستکاران و بەر بە زانیاریگرتن بەکاری دەبات. ئاڕاستەکردنی زەین و بیروڕا لە یەك هێڵدا کە ئامانجی سانسۆرە، بڕیار بۆ هاووڵاتیان دەدات، کە ئەو جۆرەی دەسەلات دەخوازێت بیر بکەنەوە. سانسۆر یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵییە.

## متمانە، بەرپرسیاریەتی و ئەخلاق لە کاری ڕۆژنامەوانیدا

بۆئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری کاروکردەوە، پرۆژەی ئابووری و چۆنیەتی ڕەوتی بڕیاردانی دامودەزگا حکومییەکان بن، هەروەها ئاگایان لە بارودۆخی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، دەبێ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی بە بەرپرسیاریەتییەکی تەواو و لەسەر بنەمای ئەخلاقێکی بەرزی ڕۆژنامەوانییەوە، کەرەسەی سەرەکیی بن لە مەیدانی گواستنەوەی زانیاریدا. ئەم ئەرکەی ئەوان، متمانە لە ناو هاووڵاتیان و حکومەتدا دروست دەکات.

سێ چەمکی (متمانە، بەرپرسیاریەتی و ئەخلاق) بنچینەییترین پێودانگی کاری ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتین. بەبێ ڕەچاوکردن و بەردەوامبوونی ئەم سێ دیاردانە لە ڕەوتی کاردا، ڕاگەیاندن نەك تەنیا سەرکەوتوو نابێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی پاشاگەردانییەك کە کۆمەڵگە بەرەو قەیرانێکی قووڵ ڕاکێش دەکات.

متمانە لە گواستنەوەی زانیاریدا (ڕاپۆرت، دەنگوباس، وتووێژ) هەروەها بوونی بیروڕای جیاواز لە ناو زانیارییەکاندا و لە کۆتاییدا، جێی متمانە بوونی سەرچاوەکانی زانیاری و هەواڵ، نە تەنیا هاووڵاتیان لە ڕاگەیاندن نزیك دەکاتەوە، بەڵکو ڕاگەیاندنیش لە هاووڵاتیان نزیك دەبێتەوە. لە دۆخێکی وادا، کاتێك زانیارییەکان بەبێ ئەوەی دەستیان تێوەربدرێن یان بشێوێندرێن، پلە و کێشی ڕاگەیاندن لە ناو کۆمەڵگەدا بەرزتر دەکاتەوە. ئاکامی ئەم کارە، دەبێتە هۆی بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن و دەتوانێت دەوری ئاڵقەی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان وەستۆی خۆ بگرێت، چونکە هاووڵاتیان تەنیا بەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوەیە کە ئاگاداری کاروچالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبن، هەروەها هەر بە ڕێگای ڕاگەیاندنیشەوەیە کە حکومەت ئاگای لە بیروبۆچوون و سکاڵای هاووڵاتیانی خۆی دەبێتەوە.



گەیاندنی زانیاری بەشێوەیەکی بێلایەنانە مافی هاووڵاتیانە، کە دیمەنێکی ماقووڵیان لە ڕووداوەکانەوە هەبێت. هەروەها مافی حکوومەتیشە کە کاروکردەوەکانی بەڕێگەیەکی بێلایەنانەوە بە کۆمەڵگە بدرێن و ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگەکەشی بێت.

تەنیا ئەخلاقی ڕۆژنامەوانییە کە دەتوانێت دیرەگێکی بەهێز بێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوان برەو بە متمانە و بەرپرسیاریەتیی خۆی بدات. لە پێودانگی ڕۆژنامەوانیی جیهاندا، ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری وا لێکدراوەتەوە و لەسەری ساخبوونەتەوە کە: "بڵاوکردنەوەی ڕێکوپێك و دروستی زانیاری و دەنگوباسەکان لەسەر بنەمای بیروڕای جیاواز، هەروەها بێڕێزی بەو کەسانە نەکات کە باسیان لێوە دەکات. ڕۆژنامەوان بۆی نییە، لە خۆوە شت بنووسێت و دروستیان بکات، درۆ بکات، بەرتیل وەربگرێت، خۆشەویستی یان ڕقی خۆی تێکەڵ بە کارەکانی بکات، هەروەها نەکەوێتە ژێر کارتێکەریی حکوومەت و هاووڵاتیانەوە."

لەسەر یەك، کاری ڕۆژنامەوان دەبێ ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە بێت. ئەگەر ڕۆژنامەوان کارتێکەریی حکوومەت یان دامەزراوەیەکی حکوومەتی لەسەر بێت و لە کارەکانی خۆیدا دەربخات، بێشك حکوومەت و هاووڵاتیان بەلاڕێدا دەبات. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر بکەوێتە ژێر کارتێکەریی هاووڵاتیان یان ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن، دەتوانن حکوومەت تووشی چەواشەکاری بکەن. لەبەر ئەم هۆیانە، دەبێ کەمترین هەڵە لە کاری ڕاگەیاندندا ڕووبدات. لەم بوارەدا، (متمانە، بەرپرسیاریەتی و ئەخلاق) گەورەترین چەکی ڕۆژنامەوانە، کە هەر دەم دەبێ لەگەڵیدا بێت و لە کارەکانیدا بۆی بگەڕێتەوە. متمانەی زیاتر، ئاسایشی زیاتری بەدواوەیە!

ئەم دۆخە، ڕاگەیاندنێکی پیشەیی و بەتوانا دەخوازێت کە ئەزموونی خۆی بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی جددی و بێبڕانەوە وەگەڕ بخات، بەڵام هاوکاتیش دەبێ بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانەکانی لە بواری تیۆری و ڕاهێنانی فکریدا، پلانی بەردەوامی

هەبێت. ناکرێت ڕۆژنامەوانی تەنیا و تەنیا بەپاڵپشتی ئەزموونی کاریی خۆی کە بەشێکی هی سەردەمی پێش هاتنە کایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پشتگەرم بێت. بەشێکی گرینگ لە کاری ڕۆژنامەوانی، خوێندن و فێربوونە. تێکەڵاوکردنی ئەزموونی کەڵەکەکراو لەگەڵ خوێندن و ڕاهێنان، دەتوانن پێکەوە دیمەنێکی باشتر لەوەی کە هەیە وەدەستی بێنێت.

ئێمە هەر ئێستا لە قۆناغێکدا دەژین کە بە سەردەمی "تەقینەوەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی" یان بە "شۆڕش لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن"دا ناودێر کراوە. لەم سەردەمەدا تەنانەت ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بەجیهانیبوونە. ئەگەر تا دوێنێ خاوەنی کەرەسەیەکی ڕاگەیاندنی سنووردار بووین، ئێستا ئەم کەرەسانە سنووری نەتەوەییان بەزاندووە و خۆیان گەیاندۆتە دوورەپەرێزترین شوێنی کۆمەڵگە. هەر ئەم کەرەسانەش بە نۆرەی خۆیانەوە، هیچ سنوور و پاوانێکیان بۆ گەیاندنی زانیاری نەهێشتۆتەوە. تەقینەوەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی و دەسپێڕاگەییشتنی هاووڵاتیان بە ڕایەڵەی تری ڕاگەیاندن جیا لە هی هەرێمی کوردستان، دۆخێکی وای هێناوەتە کایەوە، کە پێویستە ڕاگەیێنەرەکانی ئێمە هەرچی زیاتر بیر لە بەپیشەییکردنی کارەکانیان بکەنەوە.



## ئەنتەرنێت” دەسەڵاتی پێنجەم

کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دەسپێکی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بوو لە ناو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا. ئەم ئاڵوگۆڕە بە هاتنە کایەی ئینترنێت، جیهان ڕاگەیاندنی تووشی چۆنایەتییەکی ڕادیکاڵ کرد، کە بە شۆڕش لە بواری پەیوەندیکردندا ناوی دەرکرد.

بەبوونی کۆمپیوتەر و هێڵی ئینترنێت، جیهان لێك گرێدرا و بچووك کرایەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە سنووری جوگرافیای خۆیان بە فیلتێر و سانسۆرکردن "دەپارێزن" تا زانیاری ڕووی تێ نەکات، هەروەها لە بواری ناوخۆییشدا بەهۆی سەرکوت و سانسۆرەوە، سنوور بۆ بیرکردنەوەی هاووڵاتیان دیاری دەکەن، ئینترنێت و سەتەلایت سنوورەکانیانی بەزاند و ئەو دەوڵەتانەی بەرەوڕووی شەپۆلێك زانیاری لە شکڵی (وێنە، دەنگ و تێکست)دا کردۆتەوە.

هاتنە کایەی ئینترنێت، لەدایکبوونی ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی بەدوادا هات، ئەو ڕۆژنامەیەی کە دەکرێت، بە "چرکەنامە" یان بە "ڕۆژنامەی ئاسمانی" ناودێر بکرێت. ئینترنێت بوو بە مەیدانی کێبەرکێ و توانایی لە کاری ڕاگەیاندندا. ئینترنێت، کەرەسەیەکە کە لە بواری جیهاندا ڕێگا بە هاووڵاتیان دەدات تا بە هۆی چەند کۆمپیوتێرێکەوە لە یەك کات، لە نێوان خۆیاندا پەیوەندی چێ بکەن.

ئەم کەرەسەیە، ڕایەڵەیەکی پەیوەندییە و ئەو دەرفەتەی بۆ هاووڵاتیان خوڵقاندووە، تا پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا، نووسین، وێنە، دەنگ و زانیاری بکەن. ئاشکرایە کە دووانە (جمك)ی ئینترنێتیش (E-mail) واتە (پۆستی ئێلکترۆنی)یە، کە یەکێك لە دیاردە سەرەکییەکانی پەیوەندیگرتنە. ئەم میکانیزمە (پۆستی ئێلکترۆنی) هەم لە کاری ڕۆژنامەوانیدا شوێنێکی گەلێك گرینگی هەیە، هەمیش هاووڵاتیان تێکەڵ بە ڕەوتی ڕاستەوخۆ و دووڵایەنەی پەیوەندیکردندا دەکات.

ئاکامی ئینترنێت لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەو دیاردە نوێیەی خوڵقاند، کە چەمکێکی نوێی لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا هێنایە ناو زانستە ئینسانییەکانەوە. لقێکی نوێی لە ڕاگەیاندندا چێ کرد و بەتەواوەتی لەگەڵ ڕاگەیاندنی کلاسیکدا کە بەچاپەمەنی (کاغەز) ناوی دەرکردبوو، جیاواز بێت. ڕاگەیاندن یان ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی، کە پەیوەندی بە "چاپ"ـەمەنییەوە نییە، یاسای ڕۆژنامەگەری، ئازادیی چاپەمەنی و بەشێك لە قانوونی بنەڕەتیی دەوڵەتەکانیشی تووشی ئاڵوگۆڕ کردووە. ئەم ئاڵوگۆڕە تەنانەت ستراکتووری کارمەندانی ڕاگەیاندنیشی گۆڕیوە، کە لە جیهانی ڕاگەیاندندا، کارمەندان یا ئەو کرێکارانە بە "کرێکارانی یەخەزێڕین" یان "کرێکارانی ئێلکترۆنی" ناودێر کراون.

## تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی

ـ خێرایی لە گەیاندنی زانیاریدا.

ـ بەرفراوان بوون و چەند چەشنەبوونی سەرچاوەکانی زانیاریدەر، هێزی بزوێنەری ڕۆژنامەی ئێلکترۆنین. گەڕان بە دوای زانیاری و دەنگوباس لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە، هەروەها دەستپێڕاگەیشتن بە بیروڕای جیاواز، کارێکی وای کردووە کە هاووڵاتیان خۆیان ڕۆژنامەوانی خۆیان بن.

ـ کات، کورتیی بابەت و سادەنووسین بەشێك لە سروشتی ئینترنێتە.

ـ سەکۆ و شوێنی ئازادە، کە دوو لایەن باس و لێدوانی تێدا دەکەن.

ـ ڕۆژنامەی چەند هێڵە و چەند فکرە. بەپێچەوانەی ئامرازی نەریتی، کە تاك هێڵەیە، ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی ئەو دیاردە نوێیەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کاتێك کە بابەت یان هەواڵێك بڵاودەکاتەوە، لینك (پەیوەندیی زیندوو) لەگەڵ ماڵپەڕی تر یان لەگەڵ بابەتی تردا چێ دەکات. دانانی لینك لە ناو بابەتێك، کۆتایی بە خوێندنەوەی نەریتیی دەنگوباس و زانیاری دێنێت کە یەك هێڵە بوو. بۆیە لە قۆناغی دیجیتالیدا،



بە هۆی بوونی لینك یان چەند لینكێك، قۆناغی خوێندنەوەی چەند هێڵی دەست پێدەکات. واتە لە یەك کاتدا چەندین بابەت، هەروەها لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە، بیروڕای جۆراوجۆر بە خوێنەر دەدات.

ـ ڕاگەیاندنی فرەکارکرد (وێنە، دەنگ، پیت) لە یەك کاتدا بڵاودەکاتەوە. ئەمەش دەرفەت بە (خوێنەر ـ بینەرـ گوێگر) دەدات، کە لە یەك کاتدا پیت، وێنە و دەنگی هەبێت.

ـ هاوکێشەی جوگرافیایی. جوگرافیای نەتەوەیی هی ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوچەییە کە ڕیشەیان لە سنووری جوگرافیایەکی ناوچەییدا بوو. ئەم چەشنە کەرەسانە، دەچنە خانەی ڕاگەیاندنی نەریتییەوە. بەڵام ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی، ئینترنێت و سەتەلایت (کەناڵی ئاسمانی)، بەتەواوەتی سنووری جوگرافیای نەتەوەییان بەزاند. لەم قۆناغەدا، پەیوەندیی جوگرافیایی، جیهانییە و جیهان پێکەوە گرێدەدرێت.

## تێکەڵبوونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە شەپۆلی دیجیتالییەوە

ئەم کەرەسانە کە تا کۆتایی ساڵانی ٨٠ی سەدەی ڕابردوو، بەشێوەی نەریتی کاری ڕاگەیاندنیان تەنیا بە ڕێگای دەنگ و ڕەنگەوە بەڕێوە دەبرد، لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە هۆی ئینترنێتەوە، کارتێکەرییەکی قووڵیان لە بواری پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندنەوە بەسەردا هاتووە. لەم دەورەیەدا بوو، کە هەم ڕادیۆ هەمیش تەلەفزیۆن، لە دەنگ و ڕەنگەوە بۆ قۆناغی بەدیجیتالیکردنی دەنگ، ڕەنگ و نووسین گوێزرانەوە.

جۆناتان دۆب، خاوەنی (CyberJournalist.net) کاتێك کە بەراوردێك لە نێوان (چاپەمەنی، تەلەفزیۆن و ئینترنێت)دا دەکات، بەو ئاکامە دەگات: "کاری تەلەفزیۆن، پێشاندانی دەنگوباسە، کاری چاپەمەنیش، گێڕانەوە و شیکردنەوەی دەنگوباسە، بەڵام دەوری ئینترنێت پێشاندان، گێڕانەوە و ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆی بیروڕایە، کە بە خێراترین شێوە و هاوکات لە سێ فۆرمی (دەنگ، ڕەنگ و پیت)دا بەڕێوە دەچێت."

بە هۆی ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە، سەتەلایت یان تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانیش، کارێکی وایان کردووە کە هاووڵاتیان دەستیان بە دەنگ، ڕەنگ و پیت رابگات و چالاکیان بکات. ئەم تەلەفزیۆنانە بوارێکی وایان ڕەخساندووە، کە دەنگوباس و ڕووداوی زیندووی قوڕنەیەکی جیهان بە دوورەپەرێزترین شوێن بگەیێنن. بینەرانی ئەم کەناڵە ئاسمانییانە، ئەمڕۆکە بە بینەرانی "مێژووی زیندوو" باسیان لێوەدەکرێت.

تەقینەوەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، هاووڵاتیانی لە چوار قوڕنەی جیهاندا ڕاکێشی سەدەیەك کردووە، کە هاووڵاتیان دەتوانن خێرا دەستیان بە زانیاری ڕابگات، تەنانەت ئەو زانیارییانەش کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی سیاسی و جوگرافیاییدا بەری پێدەگیرێت. لایەنی تری ئەو کارتێکەرییە، تەنیا دەسپێڕاگەییشتن و وەرگرتنی زانیاری نییە، بەڵکو نووسین و بڵاوکردنەوەی بیروڕایە، کە بەشێکی تر لەم شۆڕشەیە. ئەم تەقینەوەیە لە هێڵی سەرەکیدا، گشت سنوورەکانی بەزاندوون. بۆیە سانسۆرکردن گەلێك بەزەحمەت بووە، بەڵام خۆ شاردنەوە گەلێك ئاسانە. لە لایەکی ترەوە، بڵاوکردنەوەی زانیاری، پلەی هۆشیاری و داخوازییەکانی هاووڵاتیان بەرزتر دەکاتەوە. ئەمەش ئەو خاڵە گرینگەیە، کە ئەو دەوڵەتانەی کاریان سانسۆرکردن و ئازادییەکان سنووردا دەکەنەوە یان پێشێلی دەکەن، تووشی تەنگایەکی سیاسی و ئەخلاقی بوونە.

ئینترنێت، کەرەسەیەکی گرینگە بۆ بەهێزبوون. بەڕێگای ئەم کەرەسەیەوە، توانایی بۆ ڕاگەیاندن، ڕوونکردنەوە و ڕادەربڕین، لەقاودانی گەندەڵی، هەروەها بەشداریی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئاسان دەکاتەوە. ڕاگەیاندنی نوێ، کۆمەڵگەی جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕ کردووە و شۆڕشێکی گەورەی لە پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە. ئەم ڕەوتە بە کارتێکەرییەکانیەوە هەروا درێژەی هەیە.



**کۆبەند:**

ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیی ئازاد و دیموکراتیك، بە نۆرەی خۆی لە فۆرمدان بە سیاسەت، دەوڵەتی یاسا، بەوەلامدەرەوەکردنی دەسەڵات لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا، پێکهێنانی بارودۆخێکی ماقووڵ بۆ بەشداریکردن و ڕاهێنانی هاووڵاتیان لە بڕیارە سیاسییەکاندا، بەدیموکراتیکردن و بەلیبراڵیکردنی کۆمەڵگە، پێکەهێنانی کەشوهەوایەکی ئەقڵانی بۆ دیالۆگ، هەروەها لە ستانداردکردنی زمانی نەتەوەیی و سەرانسەریدا دەورێکی بەرزی هەیە. ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، هێز و دەسەڵاتی هەیە، چونکە ئاڵقەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیانە. متمانە، بەرپرسیاریەتی، ئەخلاقی بەرزی ڕۆژنامەوانی، گشتلایەنی، بەڵام لە لێکدانەوە و ڕاگەیاندندا پاراستنی بێلایەنی، هەروەها خێرایی لە بڵاوکردنەوەی زانیاریدا، چەمکە سەرەکییەکانی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتین.

## چۆنیەتی دەرکەوتن لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا

یەکێك لە ئەرکە گرینگ و هەستیارەکان بۆ سیاسەتوانان ئەوەیە، کە چۆن لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا دەرکەون. دانی زانیاری بە هاووڵاتیان، وڵامدانەوە بە ڕۆژنامەوانان بە زمانێکی ڕەوان و بێگرێ لە لایەن سیاسەتوانانەوە، ناوئاخنی چەمکی چۆنیەتی دەرکەوتن لە ئامرازی راگەیاندنی گشتی دایە.

ئاشکرایە کە دەرکەوتن بۆ سیاسەتوانان لە ڕاگەیاندندا گەلێك گرینگە، چونکە ئەم کارە پەیوەندی لە نێوان هاووڵاتیان و سیاسەتوانانەندا چێدەکات. دەرکەوتنی بەڕێوەبەرانی دەسەڵات لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا، هاوکات کە ئەرکی سیاسەتوانانە، مافی هاووڵاتیانیشە بزانن، کە حوکمڕانان چی دەکەن و کارەکانیان چۆن بەڕێوەدەبەن، هەروەها لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیاندا چەندە سەرکەوتوون و چەندەش ناسەرکەوتوون. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم پەیوەندییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هاووڵاتیان لە ڕەوتێکی دیموکراتیکدا، کە بە "هەڵبژاردن" ناودێر کراوە، دەنگ بە سیاسەت و پرۆگرامێکی دڵخوازی خۆیان دەدەن. ئەوان (هاووڵاتیان) ژنان و پیاوانی دەسەڵات بەرەو کورسیی حوکمڕانی ڕێنوێنی دەکەن. لەبەر ئەوە مافی یاسایی هاووڵاتیانە و دەبێ بزانن، کە سیاسەتوان و بەڕێوەبەرەکانیان چەندە لە کارەکانیاندا بەرپرس، شارەزا و وەڵامدەرەوەن.

لەبەر ئەوە، دەرکەوتنی سیاسەتوانان لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا وەڵامێکە بۆ ئەو پێویستییانە، کە ئاماژەیان پێکرا. لە لایەکی تریشەوە دەرکەوتنی سیاسەتوانان لە ڕاگەیاندندا ئەو لایەنەش دەردەخات، کە بەڕێوەبەرێك تا چ ڕادەیەك شارەزای کاروباری خۆیەتی و تا چ ڕادەیەکیش لە کاری خۆیدا قورسایی بە هاووڵاتیان و ڕاگەیاندن دەدات، کە زانیارییان پێ بگەیێنێت، هەروەها دەرگەی شوێنی کاریشی چەندە بەسەر ڕاگەیاندندا کراوەیە.



بەڵام لەو گرینگتر "چۆنیەتی دەرکەوتن"ـە، کە ژنان و پیاوانی دەسەڵات بە چ شێوەیەك و بە چ زمانێك، هەروەها تا چ ڕادەیەك زانیاریی دروست بە هاووڵاتیان دەدەن و چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا دەکەن و تا چڕادەیەکیش بە سنگێکی ئاوەڵاوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و ڕاپۆرت سەبارەت بە کارەکانیان دەبنەوە. دانی زانیاریی دروست، لەخۆوە قسەنەکردن، گوێگرێکی چالاك و وتاربێژێکی وشیار، قبوولکردنی بەرپرسیاریەتی و وەڵامدەرەوەبوون، ڕێزگرتن لە ڕاگەیاندن، دانی قورسایی بە هاووڵاتیان، لە کۆتاییدا بەرگری لە ئازادیی نووسین و ڕا دەربڕین لەلایەن سیاسەتوانانەوە، هەندێك چەمکن بۆ پێناسەی "چۆنیەتی دەرکەوتن" کە پێویستە دەسەڵاتداران لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاگەیاندندا ڕەچاوی بکەن.

دامەزراوە حکوومی و سیاسەتوانانی ئەمریکی تاڕادەیەکی گەلێك باش توانیویانە لەم بوارەدا هەڵسوکەوت و چۆنیەتی دەرکەوتن لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا گەڵاڵە بکەن. ئەم چەشنە ڕێنوێنیانە لە دوو چەمکی "ئەوەی دەبێ بکرێت" و "ئەوەی نابێ بکرێت"دا بۆتە بنەمای هەڵسوکەوتی سیاسەتوانان لەگەڵ ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا.

**"ئەوەی دەبێ بکرێت**

- تێبکۆشە هەمیشە ڕاستی بڵێی.
- هەوڵبدە هەمیشە ڕاستبێژ و ورد بە. متمانە و ناوبانگی تۆ پەیوەندی بەوانەوە هەیە.
- کاتێك وەڵامی پرسیارێك نازانیت، دانی پێدابنێ. داوای کات بکە و لە خێراترین کاتدا وەڵامی بۆ بدۆزەوە.
- هەوڵبدە خێرا هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە. ڕای بگەیێنە کە وەڵامێکی تێروتەسەلت نەداوەتەوە و بەتەمای کە کۆتایی بە ناڕوونییەکان بێنیت.

- تێبکۆشە خۆ لە بەکارهێنانی زاراوەی پیشەیی و پسپۆری بپارێزی. بە زمانێکی سادە بپەیڤە.
- گریمانی ئەوەی بکە، کە هەرچی دەیڵێی دەنووسرێتەوە و تۆمار دەکرێت. تا ئەو جێگایە کە بۆت دەلوێت، لەگەڵ ڕاگەیاندندا بەڕاشکاوی بدوێ.
- کاتێك ڕوون بۆوە کە هەواڵێك بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە، دەبێ پەیامنێران سەبارەت بە بابەتەکە ئاگادار بکەیتەوە. بەڕێزەوە باس لە هەڵەکە بکە و بۆ سەلماندنیشی بەڵگە بهێنەوە.
- پێویستە پێڕستی ئەو کارانەی کە کۆتاییان پێهاتووە لە لاتدا هەبن. جار بەجار پێڕستەکە نوێ بکەوە. ڕووداوەکان ئەوەندە خێران لەوانەیە لەبیرت بچێت کە ئێوەی بەرپرس، هەروەها وەزارەتخانەکەی ئێوە یان دەوڵەتەکەتان چ دەسکەوتێکی هەبووە.
- هەمیشە وەڵامی تەلێفوونەکان بدەوە یان یەکێك بۆ ئەو کارە دیاری بکە، کە ئەم ئەرکە بەڕێوەبەرێت تا پەیامنێران ئەو دەرفەتەیان هەبێت، کە خێرا بتوانن لە کاتە دیاریکراوەکاندا ئامادە بن.
- تێبکۆشە ئەو زانیارییانەی کە پەیامنێران پێویستیانە بیاندەیتێ، تەنانەت ئەگەر ئەوە کاتیشی گەرەك بوو. بۆ نموونە لەوانەیە تا درەنگانێك لە شوێنی کارتدا بمێنیتەوە تا بابەتێك بۆ پەیامنێرێك ئامادە بکەیت.
- قسەخۆش بە. "ئەگەر قسەخۆش نەبیت، کارکردن وشك و درێژخایەن دەبێت."

**ئەوەی نابێ بکرێت**

- هەرگیز درۆ مەکە.
- هەرگیز مەڵێ هیچم بۆ گوتن پێ نییە.



- لەخۆوە قسە مەکە، دەربڕینی مەزندە بەکار مەهێنە و بە گریمانەشەوە قسە مەکە. ئەو پەیامنێرانەش بناسە کە خاوەنی زانیاری فرەن. ئەگەر هەڵە بکەیت، متمانەی خۆت لەدەست دەدەیت.
- هەوڵ مەدە دوای ئەوەکە بابەتێکت ڕاگەیاند، کەڵك لە دەربڕینێك وەربگریت کە نەتواندرێت بگوێزرێتەوە.
- ناهەستیار مەبە.
- تا کاتێك کە زانیارییەکی تێروتەسەلت لەدەستدا نەبێت، هەواڵێك ڕامەگەیێنە.

سەرەتا بانگەواز بڵاو مەکەوە و دوایی بەیاننامەی چاپەمەنی و بلاڤۆکی ڕاگەیاندن ئامادە بکەیت. ئەگەر بابەتێکت پێش بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێکی چاپەمەنی ئامادە کرد، دەتوانیت بە دوای ڕاگەیێندراوێك و لە ماوەیەکی زەمەنیدا بابەتەکە بۆ پەیامنێران شی بکەیتەوە.

**کاتێك هەڵەیەك ڕوودەدا یان هەواڵێکی نابەجێ بڵاودەکرێتەوە**

- درۆ مەکە.

دایمەپۆشە، ئەگەر درۆ بکەیت یان بیشارییەوە، متمانەی خۆت لەدەست دەدەیت.

- بەڕێگای تەلێفوونیشەوە وڵامی پەیامنێران بدەوە.
- کێشە و گرفتەکان قبووڵ بکە.
- ڕایبگەیێنە کە بابەتەکە لە ژێر ڕاستکردنەوەدایە.

ئەگەر بە هەڵە وتەیەکی تۆ دەگوێزرێتەوە یان زانیاری هەڵە بڵاودەکرێتەوە، خێرا هەڵوێست وەربگرە. لەگەڵ پەیامنێری پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە بدوێ، هەڕەشەی لێ مەکە، ئاماژە بە زانیارییەکان بکە و ئەوەی کە سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکە دەیڵێی دەنووسرێتەوە و تۆمار دەکرێت. ئەگەر نەتتوانی ئەو پەیامنێرەی کە مەبەستتە بیدۆزیەوە، پەیوەندی بە بەرپرسی ڕۆژنامەوانەکەوە بکە.

دەتوانی داوا بكەی كە هەڵەكە ڕاست بكرێتەوە یان وەدرۆ بخرێتەوە، ئەوەش كارێكە كە زۆربەی بەرپرسان بەرێوەی دەبەن. بەڵام هەندێك لەسەر ئەو بڕوایەن كە ئەو كارە، جارێكی تر زانیاری هەڵە دووپات دەكاتەوە و هەروا لە ناو دەنگوباسدا دەمێنێتەوە. لە ئینتەرنێتدا بەردەوام دەستت بە دەنگوباسی ناڕاست ڕادەگات. لەبەر ئەوە داواكردن بۆ ڕاستكردنەوە ڕێگایەكە كە پێویستە پێیدا دەرباز بیت. كارێك كە تۆ دەبێ جێبەجێی بكەی، لەڕاستیدا پەیوەندی بە هەڵە و ڕادەی هەڵەكەوە هەیە.

لانیكەم دەبێ پەیوەندی بە پەیامنێرەكەوە بكەی تا زانیاری هەڵە یان ئەو وتەیەی تۆ، كە بەناڕاست بۆ ناو ڕاگەیاندن گوێزراوەتەوە، ڕاست بكرێتەوە."

تێبینی:

هەندێك لە بابەتەكانی ناو ئەم كتێبە، لە ڕۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاو كراونەتەوە.



## سەرچاوەكان


**بە زمانی سویدی:**

1- Utländska politiska system (كۆمەڵێك نووسەر)

2- Massmedier i samhället – Igår igad imorgon (كۆمەڵە نووسەرێكی سوئیدی)

3- Så arbetar en journalist (كۆمەڵە نووسەرێكی سوئیدی)

4- Massdedier Stig Hadenius و Lennart Wiebull)

5- Magasinet medier Hanna Boglin و Kajsa Boglind

6- Nationalencyklopedin

بە زمانی فارسی:

٧ـ جامعە باز و دشمنانش / نویسندە: كارل پوپر/ مترجم: عزت الله فولادوند

٨ـ جامعە شناسی / ن: انتونی گیدنز/ م: منوچهر صبوری

٩ـ مقدمات سیاست/ ن: ستیون تانسی/ م: هرمز همایونپور

١٠ـ خرد در سیاست/ ن: گزیدە و نوشتە و مترجم: عزت الله فولادوند

١١ـ افكار عمومی/ ن: ژوریت لازار/ م: مرتضي كتبی

١٢ـ رسانەها و دموكراسی/ ن: جان كین/ م: نازنین شاهركنی

١٣ـ دموكراسی چیست (اشنایی با دموكراسی)/ ن: دیوید بیتهایم و كوین بویل/ م: شەرام نقش تبریزی

١٤ـ اعلامیەی جیهان حقوق بشر و تاریخـچەی ان/ ن: گلن جانسون/ م: محمد جعفر پویندە

١٥ـ لیبرالیسم و دموكراسی/ ن: نوربرتر پوپیو/ م: بابك گلستان

١٦ـ ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا

١٧ـ سازمان امنیت و همكاری اروپا/ انتخابات ازاد و منصفانە.